سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق دەکات

جەخت لە رۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرایەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن
XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6014) چوارشەممە 30ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



دوێنێ سێشەممە 29ی ئەیلوولی 2020 لە سەلاحەدین سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لە فائق زێدان سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دواییین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق تاوتوێکرا و ڕۆشنایی خرایە سەر ڕەوشی دەسەڵاتی قەزا لە عێراق و پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان دامەزراوە دادوەرییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ.
هەر لەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لە ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و هەروەها جێبەجێکردنی دەستوور کرایەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئیتالیا کۆبوونەوە



سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 29ی ئەیلوولی 2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز لۆرێنزۆ گوێرینی، وەزیری بەرگریی ئیتالیا و شاندێکی یاوەری کرد.
لە کۆبوونەوەیەکدا دۆخی ئەمنیی عێراق و هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکان لە نێردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق و هەڕەشە و جموجووڵەکانی داعش تاوتوێ کرا.

میر سەباح ئەحمەد جابر سەباح لە تەمەنی 91 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد



دوێنێ سێشەممە دیوانەی شاهانەی کوێت، بڵاویکردەوە میر سەباح ئەحمەد جابر سەباح لە تەمەنی 91 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دیوانەی شاهانەی کوێت لە ڕاگەیەنراوێکدا کە تەلەڤیزیۆنی بڵاویکردەوە، بە خەم و پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی میری دەوڵەتی کوێت، سەباح ئەحمەد جابر سەباح ڕادەگەیەنین. بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاگەیەنراوەش، تەلەڤیزیۆنی فەرمی کوێت پەخشی ڕاگرت و قورئانی پەخش کرد.
سەباح ئەحمەد جابر سەباح لە 29ی کانوونی دووەمی 2006دا بووە بە میری کوێت. لە 24ی ئەیلوول، ئەنجوومەنی وەزیرانی وەزیرانی کوێت بڵاویکردەوە کە ڕەوشی تەندروستی سەباح ئەحمەد جابر سەباح بەرەو باش بوون دەچێت. میری کۆچکردووی کوێت لە 23ی تەموزی ڕابردوو لەسەر ڕاسپاردە و ڕاوێژی تیمی پزیشکی بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی چووە ئەمەریکا.

بەم بۆنەیەوە، هەریەك لە سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامی هاوخەمیان پێشکەشی بنەماڵەو خەڵکی کوێت کرد. (پەیامەکان لە ل2 و 3 بخوێنەوە)

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە شاندێکی تەیاری حکمە کرد



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی تەیاری حکمە بە سەرۆکایەتی شێخ حەمید ئەلعەلا سەرکردە لە تەیاری حکمە کرد. لە دانیشتنێکدا کە هۆشیار زێباری و زەعیم عەلی و مەحمود محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و خەسرۆ گۆران و ئەڤین هروری ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی ئامادەی بوون.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

بە فەرمانی سەرۆکی حکومەت بڕی 20 ملیار دینار بۆ دەستپێکردنەوە و تەواوکردنی پڕۆژەی وەستاوی ڕێگای دووسایدی (کەلار - دەربەندیخان) (کەلار - سلێمانی) خەرج دەکرێت



لە چوارچێوەی گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جادە و ڕێگاوبانەکان ، بە فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بڕی 20 ملیار دینار تەرخان کرا بۆ دەستپێکردنەوە و تەواوکردنی پڕۆژەی وەستاوی ڕێگای دووسایدی کەلار - دەربەندیخان (کەلار-سلێمانی) کە ماوەیەک بوو وەستابوو. کە یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکانی دەفەری گەرمیان و ئاسانکارییەکی زۆریش بۆ هاتووچۆی هاوڵاتییانی ئەو ناوچەیە دەکات.

دکتۆر عەلا مەکی:

پێویستە چیتر کێشەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ مەرامی سیاسی بەکارنەهێندرێت



سەرکردەیەکی سوننەکان ڕایدەگەیەنێت، پێویستە چیتر کێشەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ مەرامی سیاسی بەکار نەهێندرێت و کێشەکە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە چارە بکرێت. دەشڵێ، ئەو زەوییانەی لە ناوچەکە هەن، مولکی کوردەکان خۆیانە و تاپۆیان هەیە، بۆیە پێویستە بۆیان بگەڕێندرێنەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان:

بوودجەی گشتی ساڵی 2020 ی عێراق گەورەترین سەرپێچی لە یاسای ئیدارەی مالی تێدایە



ناوەڕاستی ئەم مانگە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ پڕۆژەیاسای بوودجەی گشتیی ساڵی ٢٠٢٠ی ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کرد کە بەپێی ناوەڕۆکەکەی بوودجەکە بە ١٤٨ تریلیۆن دینار خەمڵێندراوە و کورتهێنان تیایدا لە سەرووی ٨١ تریلیۆن دیناڕە. لەمبارەیەوە سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ئاراس قادر خۆشناو ڕایگەیاند کە عێراق لە هەموو میژوویدا کورتهێنانی لەوشێوەی لە بوودجەی ساڵانەی خۆی تۆمارنەکردووە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە بوودجەکە گەورەترین پێشێلکاری یاسایی ئیدارەی مالی عێراقی تێدایە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی/ سوریا

بەبۆنەی کۆچی دوایی محەمەد ئەمین حوسین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی/ سوریا، دوێنێ سێشەممە 29ی ئەیلوولی 2020 سەرۆک بارزانی پرسەنامەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی/ سوریا کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بۆ خوشکان و برایان لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان/ سوریا

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك محەمەد ئەمین حوسین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی/ سوریا مان پێگەیشت. خوالێخۆشبوو هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو لە پێناو بەدەستهێنانی ماف وئازادی بۆ گەلەکەی و وڵاتەکەی.

لە کاتێکدا کە سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێزو تەواوی کادیرانی حزبە تێکۆشەرەکەتان و، خزمان و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکەم. خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم ولە خوای گەورە داواکارم گیانی خوالیخۆشبوو بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئۆقرەیی و ئارامیش بەهەموو لایەك ببەخشێت .

انا لله وانا اليه راجعون

مسعود بارزانی
29ی/9ی 2020



مەسرور بارزانی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەڵاح کوێخا دەکات

دوێنێ سێشەممە 2020/9/29، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی سەڵاح کوێخا سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیان، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەکەیان کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك سەڵاح کوێخا سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیانم بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/9/29

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو حاجی شێخ حەسەن قەیوانی دەکات

ئێوارەی دوێنێ سێشەممە 2020/9/29 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ، پرسە و سەرەخۆشی لە شێخ سەعد قەیوانی کرد بۆ کۆچی دوایی حاجی شێخ حەسەن قەیوانی باپیرییەوە. سەرۆکی حکومەت هاوخەمی خۆی بە بنەماڵەکەیان ڕاگەیاند و هیوای خواست ، گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە خانەوادە و کەسوکاریان ببەخشێت.



هێمن هەورامی پرسەنامەیەک ئاراستەی خانەوادەو کەسوکاری سەڵاح کوێخا دەکات

بۆ کۆچی دوایی سەڵاح کوێخا سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیان، دوێنێ سێشەممە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەو کەسوکارو هاوڕێیانی کۆچکردوو کرد، کەئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێزان خانەوادەو کەسوکاری سەڵاح کوێخا

بەداخەوە ئەمڕۆ هەواڵی کۆچی دوایی سەڵاح کوێخا سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیانم بیست، کاك سەڵاح کوێخا کادیرێکی ماندوونەناس و نموونەیەکی جوانی بەرپرسیاریەتی و دڵسۆزی و لێهاتوویی بوو لەکارەکانیدا، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی بنەماڵەو کەسوکارو هاوڕێیانی کۆچکردوو دەکەم لەخوای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتەبەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی و ئارامی و دڵنەوایی بەهەمووان ببەخشێت.

«انا لله وانا اليه راجعون»

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان



وێنە: ئەرشیف

پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی میری کوەیت

سەرۆک بارزانی پەیامێکی بە بۆنەی کۆچی دوایی میری کوەیت ئاراستەی بنەماڵەی ئەمیریی دەوڵەت و گەلی کوەیت کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دواییی میری دەوڵەتی کوەیت (شێخ سەباح ئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباح)ـم پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی ئەمیریی بەڕێز وگەل و حکومەتی کوەیت دەکەم.

خوالێخۆشبوو نموونەی بەهای بەرزی مرۆڤدۆستی بوو، لە سەردەمی ئەویشدا پەیوەندییەکانی نێوان کوەیت و هەرێمی کوردستان فراوانتر بوون.

لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر دلۆڤانی خۆی وئارامی و دڵنەواییش بە هەموو لایەك ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

مسعود بارزانی
29 أيلول 2020

مەسرور بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی ئەمیریی و خەڵکی کوێت دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی میری کوەیت، ئاراستەی بنەماڵەی میری کوەیت و خەڵکی ئەو وڵاتە کرد. تێیدا هاوخەمی خۆی دەربڕیوە. **ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:**

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچیی دوایی میری کوێت شێخ سەباح ئەلئەحمەد جابر ئەلسەباح- م بیست. پرسەو سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی بەڕێزی ئەمیریی و خەڵکی کوێت دەکەم . دەوڵەتی کوێت و بەتایبەتی جەنابی شێخ سەباح پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبوو . هەموو تەمەنی خۆشی لە پێناو خزمەتکردنی وڵاتەکەی و سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ناوچەکەدا تەرخان کردبوو . خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە خەڵکی کوێت ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2020/9/29

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگری ئیتالیا دەکات

مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی سەرۆک وەزیرانی عێراق

لۆرێنزۆ گویرینی: هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا دریژە بە ڕاهێنانەکانی پێشمەرگە بدەینەوە



دوێنێ سێشەممە 2020/9/29 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگری ئیتالیا لۆرێنزۆ گویرینی کرد.

لە دیدارەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت ئامادەی بوو، پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی ئیتالیا و هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی پشتیوانیکردنی هێزی پێشمەرگە تاووتوێ کرا.

وەزیری بەرگری ئیتالیا ئاماژەی بەوەدا، کە وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی. گوتیشی هیواداریین لە ئایندەیەکی نزیکدا دریژە بە ڕاهێنانەکانی پێشمەرگە بدەینەوە کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بە شێوەیەکی کاتی وەستابوون.

سەرۆکی حکوومەت سوپاسی پشتگیریی و هاوکارییەکانی ئیتالیای کرد و گوتی: بوونی هێزەکانی ئیتالیا و هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە پێویست و گرنگ دەزانین. جەختیشی لەوە کردەوە، کە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە پشتگیریکردنی سەرۆک وەزیرانی عێراق موستەفا کازمی، لە پێناو سەقامگیرکردنی دۆخی عێراق و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لە سەر بنەمای دەستوور.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: پێویستە وەکو قەوارەیەکی فیدراڵی و دەستووری مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت

فائق زێدان: دەبێ دەستووری عێراق بنەما بێت بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان



دوێنێ سێشەممە 2020/9/29 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە فائق زێدان سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی گرنگیی بەهێزکردنی ڕۆڵی بێلایەنانەی سیستەمی دادوەریی لە عێراق و هەماهەنگیی لە گەڵ دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان کرا. سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق، ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە دامودەزگاکانی حکوومەتی فیدراڵی، ڕێز لە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بگرن بە تایبەتی لە بواری دادوەریدا. گوتیشی دەبێ دەستووری عێراق بنەما بێت بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان.

سەرۆکی حکوومەت تیشکی خستە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە دەسەڵاتی دادوەریی لە عێراق، بێلایەنانە ڕۆڵی کاریگەر و گرنگیی خۆی بگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی دەستوور. هەروەها پێویستە وەکو قەوارەیەکی فیدراڵی و دەستووری، مامەڵە لە گەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگری ئیتالیا کۆبوونەوە

لۆرێنزۆ گوێرینی بەردەوامیی پشتگیری و هاوکاریی ئیتالیای بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە



سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 29ـی ئەیلوولی 2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز لۆرێنزۆ گوێرینی، وەزیری بەرگریی ئیتالیا و شاندێکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا دۆخی ئەمنیی عێراق و هەرەشەی گرووپە چەکدارەکان لە نێردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق و هەرەشە و جموجووڵەکانی داعش تاوتوێ کرا.

هەردوولا جەختیان لە گرنگی و پێویستیی بەردەوامیی کاری هاوبەش و ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق کردەوە تا دڵنیابوونەوە لە لەناوچوونی یەکجارەکیی داعش و هاوڕا بوون کە هێشتا عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە هاوکاری و پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی هەیە و بەڕێز وەزیری بەرگریی ئیتالیا بەردەوامیی پشتگیری و هاوکاریی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ ئیتالیا دووپات کردەوە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا هاوکاریی سەربازی و مرۆیی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان و عێراق کردووە، هەروەها سوپاسی پەرلەمانی ئیتالیای کرد کە ڕەزامەندیی لەسەر بەردەوامیی ئەرکی هێزە ئیتالییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا و سڵاوی بۆ یەکە بەیەکەی سەربازانی ئیتالیا لە هەرێمی کوردستان نارد.

دەربارەی پێشهاتەکانی دۆخی ئەمنییش، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بە نیگەرانییەوە لە پێشهاتە ئەمنییەکانی عێراق و هەرەشەی گرووپە چەکدارەکان لە نێردە دیپلۆماتییەکان دەڕوانێت و گوتی: "ئەرکی نێردە دیپلۆماتییەکان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق گرنگ و پێویستە و بۆ هاوکاری و پشتگیرییە لە عێراق و دەبێت سەلامەتی و ئاسایشیان بپارێزرێت، هەرێمی کوردستانیش هەموو پشتگیرییەك لە هەنگاو و ڕێکارەکانی سەرۆك وەزیران بەڕێز مستەفا کازمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرەشەکان دەکات".

دواییین پێشهاتەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای قایرۆسی کۆرۆنا و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئیتالیا و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون کە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئامادەی بوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ڕەوتی حیکمە کرد

نێچیرڤان بارزانی جەختی لە چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە



پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 29/9/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە شاندێکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی بەڕێز شێخ حەمید معەلە ئەلساعدی، سەرۆکی کۆنگرەی گشتیی ڕەوتەکە کرد.

لە دیدارێکدا دواییین پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان و هەڵبژادنە پێشوەختەکانی داهاتووی عێراق و بابەتی دادگای فیدراڵی و میکانیزمی دەستنیشانکردنی ئەندامانی تازەی دادگاکە، پەیوەندی و کێشەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنیان تاوتوێ کرد.

هەردوولا هاوڕابوون کە پێشهاتە ئەمنییەکانی عێراق و هەرەشەکردن لە نێردە دیپلۆماسییەکان، بەرژەوەندیی وڵات دەخەنە مەترسیی جددییەوە و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان پێویستی بە کاری هاوبەش و هەماهەنگیی نێوان لایەنە عێراقییەکان و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵات هەیە.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی جەختی لە ئامادەیی و خواستی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە و هەرەشە کردن لە نێردە دیپلۆماسییەکان، بەرژەوەندیی وڵات دەخەنە مەترسیی جددییەوە و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان پێویستی بە کاری هاوبەش و هەماهەنگیی نێوان دەستەکانی دەسەڵاتی دادوەری و میکانیزمی تەواوکردنی ئەندامانی و چۆنیەتیی دەستنیشانکردنیان بەپێی ڕێکارە دەستوورییەکان خرانە بەر باس و جەختیان لە گرنگی و پێویستیی هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوەندارەکان بۆ ئەم مەبەستە کردەوە.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوندارەکانی دەسەڵاتی دادوەری لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیوای خواست لە بابەتی خولەکانی فێرکردن و ڕاهێنانەدا هاوکاریی دەسەڵاتی دادوەری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت.

پرسەنامەیەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

بەڕێز شێخ نواف الاحمد الجابر الصباح، میری جێنشینی دەوڵەتی کوەیت
سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت..

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو شێخ صباح الاحمد الجابر الصباح میری دەوڵەتی کوەیتم پێگەیشت، بە ناوی خۆم و گەلی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە پرسە و سەرەخۆشیی دۆستانە لە جەنابتان و لە ڕێگەی ئێوەیشەوە لە خانەوادەی بەڕێزتان و سەرجەم گەلی کوەیتی برا دەکەم.

لە خوای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و بە بەهەشت شادی بکات، ئارامی و دڵنەوایی بە ئێوە ببەخشێت، ئاسایش و سەقامگیری و پێشکەوتنی دەوڵەت و گەلی کوەیتیش هەر بەردەوام بێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/9/29

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی کۆچکردوو سەلاح کوێخا دەکات

بەڕێزان شێخ نواف الاحمد الجابر الصباح، میری جێنشینی دەوڵەتی کوەیت
سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت..

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو شێخ صباح الاحمد الجابر الصباح میری دەوڵەتی کوەیتم پێگەیشت، بە ناوی خۆم و گەلی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە پرسە و سەرەخۆشیی دۆستانە لە جەنابتان و لە ڕێگەی ئێوەیشەوە لە خانەوادەی بەڕێزتان و سەرجەم گەلی کوەیتی برا دەکەم.

لە خوای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و بە بەهەشت شادی بکات، ئارامی و دڵنەوایی بە ئێوە ببەخشێت، ئاسایش و سەقامگیری و پێشکەوتنی دەوڵەت و گەلی کوەیتیش هەر بەردەوام بێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/9/29

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی کۆچکردوو سەلاح کوێخا دەکات

بەبۆنەی کۆچی دوایی سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیان، دوێنێ سێشەممە 29ـی ئەیلوولی 2020 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی کۆچکردوو کرد،

ئەمە دەقی پرسەنامەکەیە:

پرسە و سەرەخۆشیی قوولّم ئاراستەی خانەواده و کەسوکار و هاوڕێیانی کۆچکردوو سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیان دەکەم کە بەداخەوە ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد. هاوسۆز و هاوخەمیانم، لە خوای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی و ئارامی و دڵنەوایی بە هەمووان ببەخشێت.

کاك سەلاح کوێخا نموونەیەکی جوانی بەرپرسیاریەتی پێشکەش کرد و کادیرێکی ماندوونەناس، دڵسۆز و کارامەی لێهاتوو بوو، سالانێکی دوور و درێژی تەمەنی بە خزمەت و پێشمەرگایەتی و تێکۆشان لەپێناو گەل و وڵاتەکەیدا بەخشی، ئەو سالانەی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بوو، لە نزیکەوە کارمان پێکەوە کردووە و هەمیشە بە هەموو توانایەوە ویستوویەتی ئەوپەڕی خزمەت بە گەرمیان و گەرمیانییەکان بکات، کار و ئەرکەکانی بە خەمخۆری بەڕێ دەکرد و زۆر مەبەستی بوو زۆرترین ئاوەدانی و خزمەتگوزاری بگاتە خەڵکی قوربانیدەری گەرمیان و کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوان.

گیانی شاد و یادی بە خێر.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق کۆبوونەوە



بەیانیی دوێنێ سێشەممە 29/9/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز فائق زێدان سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا سیستەم و دەسەڵاتی دادوەریی عێراق و کار و ئەرکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و دادگای فیدراڵی و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق تاوتوێ کرا.

هەردوولا جەختیان لە پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و تێکەڵنەکردنی لەگەڵ سیاسەت کردەوە و هاوڕا بوون کە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان دەسەڵاتی دادوەری لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان پێویستە و ستایشی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق و ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانیان کرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان و وەزیری داد ئامادەی بوون، بابەتی پێکهاتە و کار و ئەرکی دادگای فیدراڵی و میکانیزمی تەواوکردنی ئەندامانی و چۆنیەتیی دەستنیشانکردنیان بەپێی ڕێکارە دەستوورییەکان خرانە بەر باس و جەختیان لە گرنگی و پێویستیی هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوەندارەکان بۆ ئەم مەبەستە کردەوە.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەنە پەیوندارەکانی دەسەڵاتی دادوەری لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیوای خواست لە بابەتی خولەکانی فێرکردن و ڕاهێنانەدا هاوکاریی دەسەڵاتی دادوەری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت.



زاگرۆس فەتاح: چاوەڕێ دەکەین هەرێمی کوردستان و بەغدا ڕێککەوتنێکی سیاسی بکەن

ئەندامێکی شاندی کوردی لە لیژنەی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو ڕایگەیاند، گفتوگۆکان بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای بودجە بەردەوامن، بەڵام بۆ جێگیرکردنی پشکی هەرێم لەو پڕۆژەیاسایەدا، پێویستە هەرێم و بەغدا ڕێککەوتنی سیاسی بکەن.

زاگرۆس فەتاح، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: گفتوگۆکانمان بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای بودجە بەردەوامن و، لە ئێستادا بۆ جێگیرکردنی بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان چاوەڕێ دەکەین هەرێم و بەغدا ڕێککەوتنێکی سیاسی بکەن و دواتر ئێمەش لە ڕووی تەکنیکییەوە کاری بۆ دەکەین و بەشەبودجەی هەرێم لە بودجەی ساڵی داهاتوودا جێگیر دەکەین.

فەتاح گوتیشی: هەر کاتێك ڕێککەوتنی سیاسی کرا، ئێمەش ئامادەکردنی بودجەی ساڵی داهاتوو تەواو دەکەین. ناوبراو باسی لەوەش کردووە، پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵیش، کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی ڕێککەوتنی سیاسی دەبێت بۆ بودجەی ساڵی داهاتوو.

دەشڵێ: تاوەکو ئێستا ڕێککەوتنی سیاسی نەکراوە و چاوەڕێ دەکەین کە ڕێککەوتنی سیاسی بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوکات ئێمەش کاری خۆمان تەواو بکەین.

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی تەیاری حکمە کرد





فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی تەیاری حکمە بە سەرۆکایەتی شێخ حەمید ئەلعەلا سەرکردە لە تەیاری حکمە کرد. لە دانیشتنێکدا کە هۆشیار زێباری و زەعیم عەلی و مەحمود محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و خەسرۆ گۆران و ئەڤین هروری ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی ئامادەی بوون.

فازڵ میرانی وێڕای زۆر بەخێرهێنانی شاندی میوان بەناوی سەرکردایەتی پارتی و پەیوەندی دوو قۆڵی لە نێوان هەردوولادا بە مێژوویی وێژدانی وەسف کرد. فازڵ میرانی دووپاتی کردەوە کە عێراقی فیدراڵ لە قۆناغێکی هەستیاردا دەرباز دەبێت و دەبێ هەر کەسێکی بەرپرس رۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە. هەروەها میرانی دووپاتی کردەوە کە بەغدا بوێتە جێگای گەندەڵی و نەمانی ئەمن و ئاسایش و دەبێت بگەڕێتەوە وەك جاران شاری زانین و پێکەوە ژیان لە هەموو بوارەکاندا. میرانی دووپاتی کرد کارکردن لەگەڵ تەیاری حکمە لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان جێگای خۆشحاڵیە و کارکردن لەگەڵ ئەم تەیارە مێژووییەوە بەردەوام دەبێت بۆ خزمەتکردنی گەلانی عێراق.

لەلای خۆیەوە شێخ حەمید ئەلعەلا سوپاسی سەرکردایەتی پارتی کرد بۆ پێشوازی کردنیان و دووپاتی کرد کە پارتی و هەولێر دەرگای کوردستانن و پارتی ئەو پارتەیە کە مۆری خۆی لە دڵی خەڵکی کوردستان داوەو جێگای ڕێزو تەقدیرە لەلایەن هەموو گەلانی عێراق و لایەنە سیاسییەکان و جێگاو قوربانیەتی خۆی هەیەتی و ئەمە شانازییە بۆ هەموومان.

هەروەها دووپاتی کرد کە پەیوەندییەکان لەنێوان هەردوولادا نموونەییانەیە و دەبێت ئەم پەیوەندییانە بەکاربێنین بۆ بەدیهاتنی دوا رۆژێکی گەش بۆ عێراقی فیدراڵ و هاوکاری یەکتر بین و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق و دروستکردنی هەماهەنگی پێش هەڵبژاردن. هەروەها شێخ حەمید ئەلعەلا دووپاتی کرد کشانەوەی دەستەی دبلۆماسی ئەمەریکا لە عێراق کارەسات بە دوای خۆی دا دێنێت. هیواداربن پێکەوە کار بکەین بۆ تێپەڕاندنی ئەم تەنگەژەیەو هەموو لایەك هاوکاربن کە دەستەی دبلۆماسی وڵاتان لە بەغدا بمێنێتەوە و ئەمن و ئاسایش و سەلامەتیان پارێزراوبێ.

سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان:

بوودجەی گشتی ساڵی 2020 ی عێراق گەورەترین سەرپێچی لە یاسای ئیدارەی مالی تێدایە

بوودجەکە زەبەلاحترین خەرجی تێدایە و هەروەها گەورەترین کورتهێنانیشی لە مێژووی بوودجەی عێراق تێدایە



ناوەڕاستی ئەم مانگە حکوومەتی عێراقی فیدراڵ پڕۆژەیاسای بوودجەی گشتیی ساڵی ٢٠٢٠ی ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کرد کە بەپێی ناوەڕۆکەکەی بوودجەکە بە ١٤٨ تریلیۆن دینار خەملێندراوە و کورتهێنان تیایدا لە سەرووی ٨١ تریلیۆن دیناڕە. لەمبارەیەوە سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ئاراس قادر خۆشناو ڕایگەیاند کە عێراق لە هەموو میژووییدا کورتهێنانی لەوشێوەی لە بوودجەی ساڵانەی خۆی تۆمارنەکردووە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە بوودجەکە گەورەترین پێشێلکاری یاسایی ئیدارەی مالی عێراقی تێدایە.

لە ڕووی داراییەوە تووشی شۆکت دەکات

ئاراس قادر خۆشناو لەبارەی پڕۆژەیاسای بوودجەی ساڵی ٢٠٢٠ی عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: ئەوەی کە ئێستا حکوومەتی عێراق کردی بە ناردنی ئەو بوودجەیەی کە پێیوایە بوودجەی ٢٠٢٠ـە لە ڕووی داراییەوە شتێك نییە کە بوودجە بۆ سێ مانگ دابندرێت، ئەمە لە زانستی دارایی پەسەندکراو نییە، ئەگەر سەیری ناوەرۆك و شێوازەکانی بکەیت، چەندین تێبینی لەسەر هەیە، چونکە پێمان وابوو لەئێستادا، پێویستی نەدەکرد بوودجە هەبێت بۆ ساڵی ٢٠٢٠، لەگەڵ ئەوەش بوودجەکە زەبەلاحترین خەرجی تێدایە و بۆ یەکەمجار کۆی گشتیی دەگاتە ١٤٨ تریلیۆن دیناری عێراقی، هەروەها گەورەترین کورتهێنانی لە مێژووی بوودجەی عێراقی تێدایە کە دەگاتە زیاتر لە ٨٤ تریلیۆن دینار، گەورەترین پێشێلکردنی یاسای ئیدارەی مالی عێراقی تێدایە کە لە یاسای ژمارە شەشی ساڵی ٢٠١٩دا لە برگەیەکدا باسی ئەوە دەکات کە نابێت عەجزی موختەت لەسەدا سێیی ناتجی محەلی ئیجمالی زیاتر بێت، بەڵام ئەوەی ئێستا کراوە زۆر زیاترە، واتا کۆمەڵێك تەناقوزاتی مالی تێدایە سەرباری ئەوەی ئەگەر بێیە سەر مادەو و برگەکانی دیکە، ئەوە نیشان دەدات کە دەستکراوەیی حکوومەتە بۆ هەندێك بەڵێنی وەك دامەزراندن و خەرجی دیکە، من پێموایە ئەوانە لە ڕووی داراییەوە تووشی شۆکت دەکات.

خاڵە ئەرێنییەکانی نێو پڕۆژەیاساکە

سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان سەبارەت بە خاڵە ئەرێنییەکانی نێو پڕۆژە یاساکە دەڵێت: یەکێك لە خاڵە باشەکانی ئەوەیە کە نەفەقاتی پێشمەرگە و گرێبەستی گواستنەوەی نەوت خراوەتە سەر نەفەقاتی سیادیی و ئەوە یەکێك لە شتە باشەکانە، بەڵام ڕێژەکە سەدا ١٢،٦٧ دانراوە ئەمە مەقبوڵکراو نییە و دەبێت سەدا ١٧ بێت ئەگەرنا ئەو ڕووپێوەی وەزارەتی پلاندانانی عێراق کردوویەتی کە ڕێژەی دانیشتووانی ئەوەی ئێستا هەیە بەبێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە نزیکەی لەسەدا ١٤ یە، دەبوو ئەوە جێگری بکرایە، لەلایەکی دیکە بە زیادکردنی برگەکانی پێشمەرگە و گواستنەوەی بۆرپەکانی نەوت کە خراوەتە سەر نەفەقاتی سیادیی کە لەوێ زیاد دەکرێت دوای ئەوەی نەفەقاتی سیادیی و حاکیمەی لێ دێتە دەرەوە ئینجا دواتر بەشی کوردستان دادەنرێت، جارێکی دیکە شتێکی دیکەی لێ دەنووسرێتەوە باسی ئەوەی دەکەن کە خەرجییە ڕاستەقینەکان کە زەرەر لە هەرێمی کوردستان دەدات.

بوودجەی سێ ساڵە، دارشتنی پلانی ستراتیجییە بۆ بوودجەی وەربەهێنان

ئاراس قادر خۆشناو کە پسپۆڕی کارگێڕیی داراییە و مامۆستایە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لەبارەی ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێم لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوەی کە حکوومەتی عێراق لە پێشووترا ناردوویەتی بەشێك لە بوودجە بووە و ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەو بەشە بوودجەیەی کە ئێستا دەینێرێت لەسەدا ٣٥ی مووچە فەرمانبەرانە و گوتی: ئەوەی حکوومەتی عێراق ناردوویەتی بەشێك لە مووچە بووە، واتا ئەگەر حیسابی مانگەکانی یەك، دوو، سێ و چوار بکەین، ئەوانە کە ٤٥٢ ملیار دینار بوو دەیکرد سەدا ٥١ی ئەوەی کە پێویست بوو بۆ مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینی بنێردرێت، ئێستا کە بووتە ٣٢٠ ملیار، واتا لەسەدا ٣٥ی پێویستی مووچەی فەرمانبەرانە. سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان لەبارەی دارشتنی پلانی ستراتیجی بۆ بوودجەی ساڵەکانی ٢٠٢١، ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دارشتنی ئەو بوودجەیەی کە کاری لەسەر دەکرێت تەنها بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنانە و هەڵە تێگەیشتنێك هەیە کە خەڵك پێیوابووە کە ئەمە بوودجەی سێ ساڵە، واتا ئەمە تەنها دارشتنی پلانی ستراتیجییە بۆ بوودجەی وەربەهێنان نەوەك میزانیەی تەشغیلی.

مادەی 106ی دەستووری عێراق

لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێك شاندی تەکنیکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا هەبوو و شاندی هەردوو وەزارەتی پلاندانان و دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بەشدارن لە دارشتنی پلانی ستراتیجی بۆ بوودجەی ساڵەکانی ٢٠٢١، ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ و لەمبارەیەوە، ئاراس قادر خۆشناو گوتی: ئەو لێکنزیکبوونەوەی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە بە گشتی شتێکی باشە و ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق هەموو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، موعتەرەفن بە عێراقی فیدراڵ، ئێستا عێراقێکی فیدراڵیان هەیە، واتا عێراقێکی مەرکەزییان نەما، سێ بنەما هەیە، ئەویش سازان، شەراکەت و هاوسەنگی لە دابەشکردنی ئەرك و دەسەڵاتدا، بەڵام بەداخەوە خەڵکانێك هەن کە تا ئێستا باوەڕی بەوە نییە، ئەو گفتوگۆیانەی کە ئێستا هەیە دانانی هەموو پلان و بەرنامەکان دەبێت بە هاوبەشی بێت بەبەشداری هەرێم و پارێزگاکان، شتێکی دیکە هەیە کە تا ئێستا ئەکتیف نەکراوە ئەویش مادەی ١٠٦ی دەستووری عێراقە، ئەو مادەیە باسی ئەوە دەکات کە دەستەیەك دەبێت بۆ دیاریکردنی ئیراداتی ئیتیحادی کە چییە و چۆن دابەش دەکرێت، تا ئێستا نە دەستەکە دامەزراوە و نە یاساکە هەیە و نە هەرێمیش بەشدار بووە لە دانانی ڕەسمی سیاسیی مالی عێراقی. سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ئاراس قادر خۆشناو گوتیشی: دەبێت دیدگایەکی ستراتیجیی هەبێت و بزانیت بەرەو کوێ دەچیت، تا ئیستاش لە عێراق لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکرێت کە ئیرادات چەندە و پاشان نەفەقات دیاری دەکرێت، بەڵام لە زۆربەی وڵاتان بە پێچەوانەوەیە، بۆیە ئەو وڵاتانەی کە یەك سەرچاوەی ئابووریان هەیە، ئەم هەڵەیە لێی ڕووەدات، بەڵام لە ئێستای عێراقدا بۆ مەرامی سیاسیی بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرێمی کوردستانیش دەبێت پلان و بوودجە هەبێت، ئێستا لە حکوومەتی هەرێم فەرمانگەیەکی کارا هەیە، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان یەکێك لە کارە ئەساسییەکانیان ئەوەیەکە ئێمە لە کوێن و دەمانەوێت بەرەو کوێ بچین.

یاسای ژمارە ٢ی ٢٠٢٠ی چاکسازی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی چاکسازی

ئاراس قادر خۆشناو لەبارەی تێڕوانینی بۆ چارەسەربوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان وەك شارەزایەکی ئابووری گوتی: ئێمە لە قۆناغێکدا بووین لە ٢٠١٩ دەرچوون بوو لە نەفەقەکە، بەڵام کۆرۆنا پلانەکانی گۆڕی، ئێستاش هەست دەکەین بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکانی دیکە باشتربێت، بە مەرجێك بتوانین ئەو شایستە داراییانەی لە بەغدا زامنی بکەین لە بابەتی داهاتەکانی خۆمان هەنگاوەکانی چاکسازیی و شەفافییەت بەرەو باشتر بکرێت و لەبیریش نەکەین کە یاسای ژمارە ١ی ٢٠٢٠ی چاکسازیی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی چاکسازی و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، ڕاپۆرتێك لە حکوومەت دەربچێت لەمبارەیەوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر جارێك دابینکردنی مووچە بۆ فەرمانبەران دابین بکرێت، سێ ئەوەندە گرنگە بازاڕ و کەرتی تایبەت ببوژێتەوە.

بوودجەکە لەگەڵ بنەما داراییەکان ناگونجێت و دەستکراوەیەکی زۆری حکوومەتی عێراقی تێدایە

دارشتنی پلانی بوودجە بۆ ساڵەکانی 2021، 2022 و 2023 تەنها بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنانە و بۆ مووچە و خەرجییەکان نییە

بە دەنگی 71 پەرلەمانتار

پڕۆژەیاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەران پەسەند کرا



پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی ٧١ پەرلەمانتار، پڕۆژەیاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەرانی پەسەند کرد، کە ئەو پڕۆژەیە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ پەرلەمان نێردرابوو.

لە دانیشتنی دوێنێ سێشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٩، پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی ٧١ پەرلەمانتار، پڕۆژەیاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەرانی پەسەند کرد، کە لە ١٨ ماددە پێکهاتووە و دوای پەسەندکردنی دەنێردرێتە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ پەسەندکردنی، دواتریش ئەنجوومەنی وەزیران رێنوێنی بۆ جێبەجێکردنی دەکات. ئەم پڕۆژەیە لە چوارچێوەی چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندایە بۆ ئەوەی سەرجەم سێکتەرەکان رێکبخات و چاکسازییان تێدا بکات. دەرچوونی ئەم یاسایە، دەبێتە هۆی پاراستنی مووڵک و ماڵی گشتی، لە حاڵەتی پشگوێخستن یان بە ئەنقەست زیانگەیاندن بە مووڵکە گشتییەکان، قەرەبووی زیانەکان دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەر لە هەر ئاستی پلەیەکدا بێت. بەپێی ئەم پڕۆژەیە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە زیانەکان پێک دەهێنرێت و بڕی قەرەبوو و چۆنیەتی دانەوەی قەرزەکان دیاری دەکرێت، کە لە هەندێک حاڵەتدا قەرەبووەکە بە بەشبەش دەکرێت.

دکتۆر عەلا مەکی:

پێویستە چیتر کێشەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ مەرامی سیاسی بەکارنەهێندرێت



سەرکردەیەکی سوننەکان رایدەگەیەنێت، پێویستە چیتر کێشەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ مەرامی سیاسی بەکار نەهێندرێت و کێشەکە لە رێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە چارە بکرێت. دەشڵێ، ئەو زەوییانەی لە ناوچەکە هەن، مووڵکی کوردەکان خۆیانە و تاپۆیان هەیە، بۆیە پێویستە بۆیان بگەڕێندرێنەوە.

سەرکردەی سوننەکان و ئەندامی هاوپەیمانیی نیشتیمانی، دکتۆر عەلا مەکی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان راگەیاندووە، خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان مافی خۆیان هەیە و خاوەن زەوی و مووڵک و ماڵی خۆیانن، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا هەندێک دەستوەردانی سیاسی لەو ناوچانەدا کراوە، کە کارێکی دکتاتۆرانە بووە لەو ناوچانە ئەنجام دراوە، بۆیە پێویستە بە لێکتێگەیشتن ئەو کێشەیە چارە بکرێت و ئەوەی زیانی بەرکەوتووە، قەرەبوو بکرێتەوە و ئەوەی خاوەنی زەوییشە، زەویەکانی بۆ بگەڕێندرێتەوە.

مەکی گوتیشی، ئەگەر حکوومەت جیددی بێت و فشاری سیاسی هەبێت، دەتواندرێت ئەو کێشەیە بە ئاسانی چارە بکرێت، چونکە ناکرێت دۆخی ئەو ناوچانە بەو شێوەیە بەردەوام بێت و پێویستە چارە بکرێت.

ئەو سەرکردەیەی سوننەکان باسی لەوەش کرد، لە دوای ٢٠٠٣ـەوە ئەو کێشەیە هەیە و چارە نەکراوە، بۆیە ئەوانەی خاوەن تاپۆی زەوییەکانن، کە کوردن، ناکرێت مافیان بخورێت و پێویستە مافیان بۆ بگەڕێتەوە، چونکە ئەوان خاوەنی ڕەسەنی ئەو زەوییانەن و ناکرێت بێبەش بکرێن و پێویستە ماف بۆ خاوەن ماف بگەڕێندرێتەوە. دەشڵێ، پێویستە چارەسەرێکی پێویست و مامناوەند بۆ ئەم دۆخە بدۆزرێتەوە و بەڵگەکان هەموو بخرێنە ڕوو و بۆ مەرامی سیاسی بەکار نەهێندرێن، چونکە ناکرێت مافی خەڵک بەسیاسی بکرێت و هەندێک لایەن بۆ مەرامی سیاسی ئەو کێشانە بەکار بهێنن.

لە میانی ٢٤ کاتژمێردا ٣٢ کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەست دا

هەرێمی کوردستان.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا 47 هەزار کەسی تێپەڕاند

دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٦٧١ تووشبووی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوە کە زۆرترین ژمارە لە دهۆک بووە بە ٣٠٢ تووشبوو، ٢٢٩ لە هەولێر، ٩٠ لە سلێمانی، ٢٥ لە گەرمیان و لە پارێزگای هەڵەبجەیش ٢٥ تووشبوو.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٤٦٧ کەس لە کۆرۆنا چاکبوونەتەوە کە زۆرترین ژمارەیان لە هەولێر بووە بە ١٩٧ کەس، ١٨٠ کەس لە دهۆک، ٢٧ کەس لە سلێمانی، ٣٣ کەس لە گەرمیان و لە هەڵەبجەیش ٣٠ کەس.

هەروەها لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٣٢ کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە کە زۆرترین ژمارەیان لە دهۆک بووە بە ١٠ کەس، نۆ کەس لە سلێمانی، سێ کەس لە هەولێر، شەش کەس لە ڕاپەڕین، سێ کەسیش لە هەڵەبجە و یەک کەس لە گەرمیان.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تا ئێستا، ٤٦١ هەزار و ٧٣٨ پشکنینی کۆرۆنا ئەنجامدراوە کە لە ئەنجامدا، ٤٧ هەزار و ١٣٧ حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراوە. لەو ژمارەیەش تا ئێستا، ٣٠ هەزار و ١٧٥ کەسیان چاکبوونەتەوە و ١٥ هەزار و ٢٣٧ کەسیش ماون لەژێر وەرگرتنی چارەسەردان، هەروەها هەزار و ٧٢٥ کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

گەڕی سێیەمی دانوستانی نێوان ئەنەکەسە و پەیەدە دەستپێدەکا

گەڕی سێیەمی دانوستانەکانی نێوان ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) و پارتەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردی کە گەورەترینیان پەیەدەیە، لەسەر چەند دۆسیەیەکی هەڵپەسێردراو دەست پێدەکا.

دوێنێ سێشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٩، سەرچاوەیەکی کورد، لە سووریاوە بە خەباتی ڕاگەیاند، کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری داهاتوودا، گەڕی سێیەمی دانوستانی نێوان پارتەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) و پارتەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردی کە گەورەترینیان پەیەدەیە، لە ڕۆژئاوای کوردستان دەست پێ دەکا.

ئەو سەرچاوەیە، ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە گەڕی سێیەمی دانوستانەکان، سبەی بەڕێوەدەچێ، کە لە ژێر چاودێریی ئەمەریکا، لەسەر شەش دۆسیەی هەڵپەسێردراو گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە دەکرێ. لە باری ئەو دۆسیانەشەوە، گوتی: ئەو دۆسیانە، بریتین لە دۆسیەی ئیدارەی خۆسەر، فێرکردن، سەربازیی ناچاری، پێشمەرگەی ڕۆژئاوا، چارەنووسی گیراو و ڕفێنراوان و گرێبەست و پەیانی کۆمەڵایەتی.

WHO: پشکنینی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە 133 دەوڵەتی جیهان خراوەتەکار



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ڕێکخراوی تەندروستی جیهان بڵاوی کردەوە کە لە ماوەیەکی کورتدا ئامێری پشکنینی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هاوڵاتیانی وڵاتە کەمدەرامەت و هەژارەکان بەردەست دەبێت و بەنرخی تەنها ٥ دۆلار پشکنین دەکرێت و لەچەند دەقیقەیەکدا ئەنجامەکەشی بەدیاردەکەوێت.

ئەم ڕاگەیاندنەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دوای ئەوە دێت کە ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا ملیۆنێک کەسی تێپەڕاند و دوای ٩ مانگ لەبڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە لەشاری وهانی چین هێشتا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە و هۆشداری سەرلەنوێ داخستنەوەی زۆر لەشارەکانی جیهان دەدرێت و بەهۆی نەبوونی توانای داراییشەوە چەندین دەوڵەت ناتوانن پشکنین بۆ هاووڵاتیانیان بکەن و زۆر لەهاووڵاتیانی وڵاتە هەژارەکان ناتوانن لە نەخۆشخانە پشکنین و چارەسەر وەربگرن، بەڵام بەپێی ئەم ڕاگەیەنراوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهان لەماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا هاووڵاتیانی زیاتر لە ١٣٣ دەوڵەتی جیهان سوودمەند دەبن جیهازێکی پشکنینی خێرای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ کە لەچەند دەقیقەیەکدا ئەنجامی پشکنینەکەی دەردەخات و تەنها ٥ دۆلار خەرجی پشکنینەکە دەبێت.

لەلایەکی تریشەوە هاووڵاتیانی شاری وهانی چین کە پێش زیاتر لە ٩ مانگ ئەم ڤایرۆسەی لێوەدەرکەوت، وێڕای ئاهەنگگێڕانیان بەرزگاربوونی یەکجارەکی لەم ڤایرۆسە بەڵام نیگەرانی خۆشیان بۆ مانەوەی بێ چارەسەری ئەم پەتایە و کوشتنی زیاتر لە ملیۆنێک کەس لەجیهاندا دەربڕی.

داوا لە حکوومەتی عێراق دەکرێت پاکێجی چاکسازی ئابووریی ڕەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات

لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند کە تا ئێستا پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرزی ناوخۆیی بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجەی گشتیی ٢٠٢٠، نەگەیشتووەتە دەستیان و ئاماژە بەوەیش دەکات کە ئەو پڕۆژەیاسایە، هیچ پەیوەندیەکی بە دواکەوتنی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە نییە.

لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕووندکردنەوەیەکی سەبارەت بە دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە «تا ئێستا پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرز ناوخۆیی بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجەی گشتیی ٢٠٢٠، نەگەیشتووەتە دەستمان، جگە لەوەیش ئەو پڕۆژەیاسایە هیچ پەیوەندی بە دواکەوتنی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە نییە».

لە ڕوونکردنەوەکەدا، داوا لە حکوومەتی عێراق کراوە کە پەلە بکات لە ناردنی پاکێجی چاکسازی ئابووریی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران. لیژنەی ناوبراو لە ڕوونکردنەوەکەدا تیشکی خستووەتەسەر ئەوەی کە دابینکردنی پارەی پێویست بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت لە دەسەڵاتی یاساداناندا نییە، بەڵکو لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دایە و هاتووە: لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە جیددی هەوڵی یارمەتیدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەدات بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران و داواش لە وەزارەتی دارایی دەکەین کە بەپەلە دەست بکات بە دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

وەزیری ناوخۆی عێراق:

سەرەداوی گرنگمان سەبارەت بە بۆردومانەکەی قەزای ڕەزوانییە دەستکەوتووە



وەزیری ناوخۆی عێراق، عوسمانی غانمی ڕایگەیاند، سەرەداوی گرنگییان سەبارەت بە ئەنجامدەرانی ئەو بۆردومانەی کە ڕۆژی دووشەممە کرایە سەر ماڵێک لە قەزای ڕەزوانییە لە بەغدا دەستکەوتووە. عوسمان غانمی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا سەبارەت بەو بۆردومانەی کە ڕۆژی دووشەممە کرایە سەر ماڵێک لە قەزای ڕەزوانییە لە بەغدا و لە ئاکامدا، حەوت کەسی خێزانێک بوونە قوربانی دوا.

وەزیری ناوخۆی عێراق، عوسمانی غانمی ئاماژەی بەوەداوە ئەوەی ڕۆژی دووشەممە لە کەوتنەخوارەوەی دوو مووشەک بەسەر ماڵێکدا لە قەزای ڕەزوانییە ڕوویدا، مایەی شەرمەزاریی و گوتی: سەرەداوی گرنگییان سەبارەت بەو ئەنجامدەرانی ئەو بۆردومانە دەستکەوتووە.

جێی باسە ڕۆژی دووشەممە دوو مووشەکی کاتیوشا لەسەر ماڵێکدا لە قەزای ڕەزوانییە لە بەغدا کەوتنەخوارەوە و لە ئاکامدا، پێنج هاووڵاتیی سڤیل کە سێیان منداڵ و دوو کەسەکەی دیکە ئافرەت بوون کوژران، هەروەها دوو منداڵی دیکەش بریندار بوون.

موقتەدا سەدر هۆشداری لە پێکدادانی شیعە-شیعە دەدات

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر هۆشداری لە پێکدادانی شیعە-شیعە دەدات لە عێراق و ڕایگەیاند کە ژمارەیەک لایەنی گوماناوی هەوڵی تێکدانی ڕەوشەکە دەدەن بۆ ئەوەی ئاسایش و ئاشتی لە عێراق بخەنە مەترسییەوە. موقتەدا سەدر سەبارەت بەو بۆردومانەی کە ڕۆژی دووشەممە کرایە سەر ماڵێک لە قەزای ڕەزوانییە سەربە بەغدا تویتێکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەداوە کە ژمارەیەک لایەنی گوماناوی هەوڵی تێکدانی ڕەوشەکە دەدەن بۆ ئەوەی ئاسایش و ئاشتی لە عێراق بخەنە مەترسییەوە.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر لە تویتەکەیدا ڕایگەیاندووە: ئامۆژگاری هەموان دەکەم بگەڕینەوە بۆ بنەمای عەقڵ و خۆشەویستی نیشتمان، بەرلەوەی وڵات پەلکێشی شەڕی ناوخۆیی بکرێت و پێکدادانی شیعە-شیعە یان تائیفی ڕووبدات.

سەدر ئەوەشی نووسیووە: عێراق ئەمانەتە لە ئەستۆمان و ڕشتنی خوێنی هەر عێراقییەکان لەلایەن براکانییانەوە حەرام کراوە. جێی باسە ڕۆژی دووشەممە دوو مووشەکی کاتیوشا لەسەر ماڵێکدا لە قەزای ڕەزوانییە سەربە بەغدا کەوتنەخوارەوە و لە ئاکامدا، پێنج هاووڵاتیی سڤیل کە سێیان منداڵ و دوو کەسەکەی دیکەیش ئافرەت بوون کوژران، هەروەها دوو منداڵی دیکەش بریندار بوون.

بەئامادەبوونی بەرپرسی لقی 16 چلەی ماتەمینی هاشم شێخ وەسانی بەڕێوەچوو



وەك وەفایەك بۆ ئەو ئەرك و ماندووبوون و خەباتە زۆرەی لەماوەی تەمەنی كورتی ژیانیدا پێشەكەشی كرد , بەئامادەبوونی هەریەكە لە بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێرو هیوا ئەحمەد مستەفا بەرپرسی لقی ٢٤ ی سەفین و عەبدولواحد رواندزی بەرپرسی لقی ١٠ ی سۆران و میقداد عەلی و بەرپرسانی و حزبی و حكومی و لەشكری و نوێنەرانی رێكخراوەكانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و هەڤاڵان و هاوسەنگەران و خزم و كەس و كاری كۆچكردوو ژمارەیەكی زۆری جەماوەر لەمەراسیمێكی شایستەدا لەسەر گڵكۆی جوانمەرگ لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد چلەی ماتەمینی هاشم حاجی حەمەمین شێخ وەسانی بەرپرسانی پاسەوانەكانی بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر بەڕێوەچوو .

دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆزو دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گڵكۆكەی , بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی دیموكراتی كوردستان لەوتەیەكیدا وێرای بەخێرهێنانی ئامادەبوانی مەراسیمەكەو و دەربڕینی هاوخەمی قوڵی بۆ لەدەستدانی هاشمی جوانمەرگ رایگەیاند كە كاك هاشم گەنجێكی خوێن شیرین و قسەخۆش بوو ، هەمیشە مایەی ڕازاندنەوەی مەجلیس و دانیشتنەكان بوو ، داینەمۆی چارەسەركردنی كێشەو گیروگرفت و ئاریشەكان بوو ، بۆیە مەرگی ئەو لاوە قوونڵتر و ئازار بەخشترە لەسەر دڵان . دواتر هەریەكە لە هیوا ئەحمەد مستەفا و سەمیر نزاری لەپانۆرامایەكی كورتدا تیشكیان خستەسەر خەسڵەت و ئاكارە بەرزەكانی جوانمەرگ و ڕۆڵی لەناشتەوایی و خەمخۆری لە بەهانەوەچوونی ماڵە هەژاران بەتایبەت لەسەروبەندی كەرەنتینەی تەواو لەكۆتایی مەراسیمەكەشدا لەلایەن هەژار دستانی شاعیر هۆنراوەیەك پێشكەش كرا كە كە گوزارشت بوو لە وێستگەكانی ژیانی كۆچكردوو .

خوالێخۆش بوو فەرماندە
« هاشم محمدامین شێخ وەسانی »

گەیلان حاجی سەعید:

ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێم و تورکیا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز



شاندێکی بازرگانیی تورکیا، سەردانی یەکێتیی هاوردە و هەناردەکارانی کوردستانی کرد و لە دوای کۆبوونەوەی نێوان بازرگانانی هەرێم و تورکیا، بەرپرسێکی یەکێتیی هاوردە و هەناردەکارانی کوردستان ئاشکرای کرد، ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، لە ئاستێکی بەرزدایە. گەیلان حاجی سەعید، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی هاوردە و هەناردەکارانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «تورکیا دەتوانێ لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و کارگەکانییەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات، هیچ ڕێگرییەکیش لە بەردەم بازرگانانی هەرێمی کوردستاندا نییە بۆ سەردانی تورکیا، سەرەڕای ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، کارئاسانیی تەواو بۆ بازرگانان دەکرێت».

بەرپرسەکەی یەکێتیی هاورد و هەناردەکاران گوتیشی: «ئاماری دروست لەبارەی قەبارەی بازرگانیی نێوان هەرێم و تورکیا لە بەردەستدا نییە، چونکە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە قەبارەی بازرگانیی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبوو، بەڵام لە دوای نیوەی ئەمساڵ ڕەوشەکە زۆر پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە و لە ئاستێکی بەرزدایە و ئومێدمان وایە بگاتە ئاستی ساڵی ڕابردوو، کە ١٠ ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و عێراق هەبووە».

حاجی سەعید ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: «تورکیا دەتوانێ لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و کارگەکانییەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات، هیچ ڕێگرییەکیش لە بەردەم بازرگانانی هەرێمی کوردستاندا نییە بۆ سەردانی تورکیا، سەرەڕای ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، کارئاسانیی تەواو بۆ بازرگانان دەکرێت».

کوردستانی ڕاگەیاند: «دوێنێ لەگەڵ شاندێکی بازرگانیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەتەوە لەبارەی ڕەوشی بازرگانی لەگەڵ عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستادا دەبێت جیاواز بێت و کۆنسوڵی بازرگانیی تورکیا ئەوەی دووپات کردەوە کە هاوکار دەبن لەگەڵ بازرگانانی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر پەرەپێدانی بواری بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیای دراوسێ».

مێرگەسۆر .. 200 ناوچەی شوێنەواری تۆمار کراون



بەڕێوەبەری شوێنەواری مێرگەسۆر ڕایگەیاند، بە شێوەیەکی گشتی سنووری قەزای مێرگەسۆر دەوڵەمەندە بە بوونی ژمارەیەک ناوچەی شوێنەواری، تا ئێستا بە ڕووپێوی دیاریکراو ٢٠٠ شوێن وەکو ناوچە شوێنەواری تۆمار کراون، هەروەها چەندین شوێنی تریش ماون کە ڕووپێویان بۆ بکرێت و بەفەرمی وەکو ناوچەی شوێنەواری بناسێندرێن.

سۆران ئەمیر، بەڕێوەبەری شوێنەواری مێرگەسۆر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند: «خۆشبەختانە چەند شوێنێک کاری لەسەر کراوە بۆ گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری وەکو ئەشکەوتی شانەدەر و زەویی چەمێ، بەردەوامیش کاری گەڕان و پشکین و هەڵکۆڵینی لەسەر دەکرێت لەلایەن تیمێکی زانکۆی کامبرجی بەریتانیاوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی پێنج ساڵ گرێبەستی لەگەڵ ئیمزا کردوون، دواتر گرێبەستەکەیان درێژ کرایەوە بۆ چەند ساڵێکی دیکە، بەڵام کۆرۆنا ڕێگرە لەبەردەم کارەکانمان، لەوانە دروستکردنی مۆزەخانەیەکی مۆدێرن لە ئەوشکەوتی شانەدەر بۆ گرینگدان بە ناوچە شوێنەوارییەکان، کە سەڵانە گەشتیاران سەردانی دەکەن.»

ئامادەی بەوەش دا: «تیمی زانکۆی کامبرجی بەریتانیا ڕووپێوێکی بە درێژاییی ١٥ کیلۆمەتر بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوری ئەشکەوتی شانەدر کردووە، تاکە شوێنە لەسەر ئاستی کوردستان ڕۆژانە گەشتیاران سەردانی دەکەن، لە داهاتوودا ژمارەیەک پرۆژەی گرینگی گەشتیاری بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان ئەنجام دەدەین، کە هەموو ڕێکارە ئیدارییەکان ئامادە کراون.»

سۆران ئەمیر ئەوەیشی خستە ڕوو: «لە ئایندەیەکی نزیکدا مۆزەخانەیەکی مۆدێرن لە ئەشکەوتی شانەدەر دروست دەکەین، کە هەموو ئەو کەلوپەل و پێداویستییەشوێنەوارییانەی دەدۆزرێنەوە لە مۆزەخانەکە دادەندرێن.» ناوبراو دەشڵێت: «لەگەڵ باشترببوونی دۆخی تەندروستی و کەمبوونەوەی مەترسییەکانی کۆرۆنا دەمانەوێت کۆنفرانسێکی نیودەوڵەتی لەسەر ئەشکەوتی شانەدەر و مێژوو و شوناسی دەڤەری بارزان لە ڕووی شوێنەوارییەوە ئەنجام بدەین بە بەشداریی هەموو پسپۆڕان و شوێنەواناسان و تیمێکی زانکۆی کامبرجی بەریتانیا و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کۆنفرانسەکە بەڕێوە دەچێت.»

لێژنەی شەهیدان خوێندنەوە بۆ پرۆژە یاسای منداڵە ونبووەکان دەکات



بەمەبەستی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای منداڵە ونبووەکان، ئەمڕۆ سێشەمە ٢٩/٩/٢٠٢٠، لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانێ سیاسی لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی سوسن محەمەد میرخان سەرۆکی لێژنەو ئاماەبوونی جێگری سەرۆکی لێژنەو بڕیاردەرو ئەندامان و ڕاوێژکارانی لێژنەکە کۆبوەوە.

سوسەن محەمەد میرخان سەرۆکی لێژنەکە بەماڵپەڕی فەرمیی پەرلەمانی کوردستانی ڕاگەیاند: «تەوەری یەکەمی کۆبونەوەکە خوێندنەوەی پرۆژەیاسای منداڵە ونبووەکان بوو، دوای خوێندنەوەش کۆپییەك لەپرۆژەیاساکە پێشکەشی ئەندامانی لێژنەکە کرا بەمەبەستی دیاریکردنی سەرنج و تێبینییەکانیان تاوەکو لەکۆبونەوەکانی داهاتووی لێژنەکە تاووتوێ بکرێت».

سەرۆکی لێژنەی شەهیدان ئەوەشی ڕاگەیاند: «لەتەوەری دووەمی کۆبونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاسای ڕێگریکردن لەتاوانە نێودەوڵەتییەکان و هێنانەدیی دادپەروەری بۆ قوربانیان کرا بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاتری پرۆژەیاساکە».



عەبدولڕەحمان سدیق: زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمۆبیێل لە هەرێمی کوردستان مەترسییە کە گەشتۆتە ملیۆنێک و 700 هەزار

لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بە پاراستنی ژینگەو هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسیەکانی پیسکردنی ژینگە لەڕێگەی دامەزراوەو هەڤاڵانی حزب،بە ئاماەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڤاڵانی کارگێڕو بەرپرسی لیژنە ناوچەو نووسینگەکانی سەر بە لق و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین و ماموستایانی زانکۆ و پسپۆرانی ژینگە،ئێوارەی ڕۆژی دوو شەممە ٢٨ ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، بەجێبیەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان و دووری کۆمەڵایەتی بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لقی دووی پارتی کۆرێکی ژینگەیی بەناونیشانی (پاراستنی ژینگە وەك مافێکی دەستووری) بۆ ماموستا عەبدولڕەحمان سدیق سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە باخچەی لق ڕێکخست.

لە ئێوارە کۆڕەکەدا عەبدولڕەحمان سدیق ئاماژەی بە مەترسی زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل کرد لە هەرێمی کوردستان کە گەیشتۆتە یەك ملیۆن و ٧٠٠ هەزار، بۆیە بەپێویستیزانی هۆیەکانی گواستنەوە فەراهەم بکرێن و گرنگی بە پەروەردەی ژینگەیی بدرێت لە قۆناغەکانی خوێندن تا زانکۆ بەشێوەیەك وای لێ بێت بچێتە نێو کاری حزبە سیاسەکان.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکەم گفتوگۆی ئێوارە کۆڕەکە،وێڕای سوپاسکردنی مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق بۆ ئەنجامدانی کۆڕەکە و بەخشینی زانیاری نوێ لەبارەی ژینگەی کوردستان،ئاماژەی بەوە کرد ژینگەی کوردستان جوانەو پاراستنی ئەرکی هەموانە،سالانی داهاتووش دەچێتە نێو ململانێ سیاسیەکان.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا،بەرپرسی لقی دوو باسی سەرچاوەکانی ئاوی کوردستانی کرد کە لە کانیاوە سازگارەکانەوە دێ،بەڵام لەنێو ڕووبار و زێکان پیس دەکرێن،بۆیە هەموو پشتیوانیەکی بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و زانکۆش دووپات کردەوە لەپێناو پاراستنی ژینگەی کوردستان لە مەترسی.

سلێمانی..ڕێکاری نوێ بۆ چاودێری کردنی دوکانی گۆشتفرۆشەکان دەگیرێتە بەر



بەمەبەستی وردتر چاودێری کردنی دوکانی گۆشت فرۆشەکان، لێژنە هاوبەشەکان لەگەڵ ڤێتێرنەری سلێمانی کۆدەبێتەوە و چەند ڕێکارێکی نوێ دەگرنەبەر و سەرۆکی لێژنەکانیش هۆشیاری توند ئاراستەی دوکانی گۆشتفرۆشەکان دەکات.

لەشکر حەمید، سەرۆکی لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند: بەمەبەستی وردتر چاودێری کردنی دوکانی گۆشت فرۆشەکان و ڕێگری کردن لە ساغکردنەوەی گۆشتی بەستو بە نرخی فرێش و گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی پشکنینیان بۆ نەکراوە، لێژنە هاوبەشەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەریەوە بۆی دابین دەکات، لەلایەن لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانیەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و شوێنەکەش ڕوبەڕوی داخستن دەکاتەوە.

دەکرێن، لەڕاپۆرتێکدا ڕۆژانە ئاراستەی لێژنە هاوبەشەکان دەکرێت تا لەکاتی سەردانی لێژنەکاندا بۆ دوکانی گۆشتفرۆشەکان زانیاری تەواویان لەسەر ئەو دوکانە و ژمارەی ئەو ئاژەڵە سەربڕاوانەی لە دوکانەکەدا هەیە، هەبێت.

ڕونیکردەوە: هەبونی زانیاری لەسەر دوکانەکە و ژمارەی ئەو ئاژەڵە سەربڕدراوانەی بەهاوڵاتیانی دەفرۆشرێت، ڕێگری لە فرۆشتنی گۆشتی بەستو یان گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی بەشێوەیەکی نایاسایی و دور لە ڕێنماییەکانی ڤێتێرنەری و تەندروستی سەردەبڕێن دەگرێت.

ئاماژەی بۆ ئەوشکرد: هەر دوکانێکی گۆشتفرۆشتن لەو ژمارە ئاژەڵە سەربڕاوە زیاتر هەبێت کە بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەریەوە بۆی دابین دەکات، لەلایەن لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانیەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و شوێنەکەش ڕوبەڕوی داخستن دەکاتەوە.

لە هەولێر شەش هەزار پارچە زەوی تاپۆکران

بەڕێوەبەری تاپۆی دووی هەولێر: لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا سەنەدی ئەو پارچە زەوییانە تەواو دەبێت



خەسرۆ سەعید:

زەوییەکانی کەرتی باغەمرەی شەهاب دەگرێتەوەو کار لەسەر چەند کەرتێکی دیکەیش دەکەین



بەدواداچوون: سەید فاتیح بەرزنجی

وەزارەتی شارەوانی بەهاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتی دادو بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کوردستان ژمارەیەکی زۆری زەویە کارتەکان تاپۆ کراون و هێشتا ژمارەیەکی دیکەی زەوی کارت هەرماوەو هەوڵەکانی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی داد بەردەوامە بۆ تاپۆ کردنی ئەو زەویەکارتەکان و ماوەیەکە بڕیاری تاپۆکردنی شەش هەزار پارچە زەوی باغەمرە دەرچووەو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تاپۆی دوو کاری ئامادەکردنی سەنەدی بۆ ئەنجام دەدرێت و کارەکانی ئەو تاپۆ کردنەش لەدواقۆناغدایە دەربارەی چۆنیەتی ڕایکردنی سەنەدی ئەو پارچە زەویانە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تاپۆی دووی هەولێرمان کردو لەوێدا خەسرۆ سەعید ئادەم بەڕێوەبەری تاپۆی دووی هەولێر بۆ خەبات ڕوونیکردەوە:

فەرمانبەرانی تاپۆی دوو هەموو هەولێر هەموو هەوڵێکیاندا بۆ زوو تەواو کردنی سەنەدەکان

خەسرۆ سەعید ئادەم بەڕێوەبەری تاپۆی دووی هەولێر بۆ خەبات گوتی: ماوەیەکی زۆرە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەهاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتی دادی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەو بەڕێوەبەرایەتی تاپۆی دوو شەونخونایان بۆزوو تەواو کردنی ئەو زەویە کارتانە کردووەو بۆ ئەو 6 هەزار پارچە زەویە ئیفراز کراوە، کە زەویەکی گەورەیەو بریتییە لە کەرتی باغەمرە شەهاب و کارکردن لەو هەموو پارچە زەویانە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت و ڕووبەرەکەی زیاترە لەو 6 هەزار پارچە زەویە، بەڵام لەکاتی ئێستادا هەر ئەو 6 هەزارە کاری بۆ کراوەو ئیفرازەکەی تەواو کراوە سەرەڕای کێشە هونەرییەکان و چەندین کێشەی دیکەش هەبوون و چارەسەر کران و کاری زۆری لەسەرکراوەو ئیفرازکردنەکەش تۆمارکراوە لەدەستەی لێوردبوونەوە مامەڵەکان پەسەند کرا.

گوتیشی: لەئێستادا خەریکین سەنەدەکان ئامادە دەکەین و زۆربەی کارەکانی تەواو بووەو لەدوای تەواو بوونی دەیدەینەوە بە شارەوانی، کارکردن لە 6 هەزار پارچە زەوی کارێکی وا ئاسان نییەو پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوون هەیە بەتایبەتی لەکاتی ئێستادا پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرۆکی گرتووین و فەرمانبەرانی ئێمە بەپابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان کاریان کردووەو پەتاکە کارەکانی سست کرد، بەڵام فەرمانبەران توانیان کاری ڕاییکردنی تاپۆکردنەکە تەواو بکەن، هاوکات کارکردن بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە فەرمانبەری زیاتر هەیە، بەڵام فەرمانبەرانی تاپۆ جگە لەکاری ڕۆژانەی خۆیان کارەکانی تاپۆکردنەکەیان بە دڵسۆزی ئەنجامداو نەوەستان لەکارکردن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان.

بەڕێوەبەری تاپۆی دووی هەولێر دەشڵێت: دیارە ڕایی کردنی مامەڵەکان وێڕای دەوامی فەرمی لەکاتی دوای دەوامیش فەرمانبەران کاریان بۆ ئەو تاپۆ کردنە دەکرد ئەگەرچی ماوەی چەندین مانگ کەرەنتین بوو هەموو مامەڵەیەك لەکار وەستا لەبەر هاتنی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا کارەکەی ستکردو نەتوانرا بەردەوامبین لەسەر کارەکان و مامەڵەیەکی زۆر لەسەر فەرمانگەکان کۆبۆوە دوای تەواو بوونی کەرەنتین فەرمانبەرانمان هەوڵیاندا بۆئەوەی کاری تاپۆکردنەکە تەواو بکەن وێڕای کاری خۆیان کارەکانی ئەو تاپۆکردنەشیان فەرامۆش نەکردو کاری ئیفراز کردنی ئەو هەموو پارچە زەویە کارێکی قورس بوو تۆمار کرا لە تۆمار واتا ئەو سجلە دەبێت تۆمار بکرێت بە دوو نوسخە و نوسخەی دووەم زۆر بە وردی دەبێ بنووسرێت و دانەیەکیش دەچێتە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری خانووبەرەو دەبێتە نوسخەی دووەمی تۆمارەکە، واتا سجلەکەو سەنەدەکانیش ئامادەکردنیان دەوێت وهەموو هەوڵێکیاندا بۆئەوەی کارەکان تەواو بکەین و لە ئێستاد لەکۆتایی قۆناغی تاپۆ کردنەکەین و پەنا بەخوا لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا کارەکان تەواو دەبن ئەوەش دەبێتە مژدەیەکی خۆش بۆ خاوەنی ئەو پارچە زەویانەو خاوەنەکانیان لەچاوەڕوانیدان تا سەنەدەکانیان وەرگرنەوە ئەگەرچی پێشتر ئەو زەویانە لەسەرۆکایەتی شارەوانی کارت بوون و ئێمە دەیکەین بە سەنەد و دوای تەواو بوونیشی ڕەوانەی شارەوانی دەکەینەوە ئەو زەویانە کەرتی باغەمرە شەهابەو ئەو کەرتە زەویەکی فراوانەو ئەو 6 هەزار پارچە زەویە دەستنیشانکراوە و نەخشەی بۆ دانراوەو تۆمار کراوەو توانیان سەنەدی ئەو پارچە زەویانە ئامادە بکەین.

لەماوەی چەند ساڵێکدا کارتێکی زۆر کراوەتە تاپۆ

دواتر خەسرۆ سەعید مەلا ئامادەم بەڕێوەبەری تاپۆی دووی هەولێر دەربارەی تاپۆکردنی زەویە کارتەکان ڕوونیکردەوە: لەماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا بەهەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بەتاپۆ کردنژمارەیەکی زۆری پارچە زەوی کارت و پرۆسەکە بەردەوامی هەیەوهەرکاتێك بڕیار دەرچێت بۆ تاپۆ کردن ئەوا هەموو فەرمانبەرانی ئێمە لە ئامادەباشی دادەبن بۆ کارکردن لەو پارچە زەویانەی کە کارتن وفەرمانی تاپۆ کردنیان دەردەچێت و لەئێستاداکارکردن وڕایی کردنی مامەڵەی هاوڵانیان بەپێی ڕێنماییە تەندروستیەکان لەلایەن فەرمانبەرانمانەوە جێبەجێ دەکرێت و داواش لە هاوڵاتیان دەکەین کە لەکاتی هاتنیان بۆ فەرمانگەکەمان ماسك ببەستن و پابەندی ڕێنماییەکان بن و پەلەنەکەن چونکە کاری تاپۆ کردنی خانوو زەوی کارێکی زۆر هەستیارو ووردەونابێ هەڵەی تیا بکرێت و ڕۆژانە زیاتر لە 300 هاوڵاتی سەردانیمان دەکەن و فەرمانگەیەکی زۆرجەنجاڵەو پێویستە هاوڵاتیان سەرە بگرن و دووری نێوانیان لە دوو مەتر کەمتر نەبێت و بەهۆی کەرەنتینی مانگەکانی پێشتر مامەڵەیەکی زۆری هاوڵاتیان هەبوو وێڕای تاپۆ کردنی ئەو 6 هەزار پارچە زەویانە مامەڵەی دیکەیش بەداخەوە زۆربەی هاوڵاتیان لەکاتی سەردانی کردنیان بۆلای ئێمە زۆر پەلە دەکات بۆ زوو تەواو بوونی مامەڵەکانیان ئەو کارێکی باش نییە دووبارە بە هاوڵاتیان دەڵێم کارکردن لەتاپۆ کردنی هەرجۆرە مۆڵکێك زۆر هەستیارەو نابێ هەڵەی تیا بکرێت وپێویستە ئەوانەی کەدێنە بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ هێواش و لەسەرخۆبن و دان بەخۆیان بگرن بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانیان و پەلە نەکەن، چونکە کاری تاپۆ کردن بە چەندین ژوورو بەشدا تێپەڕ دەبێت.

لە چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ژیان دا..

ئەو کچەی باوکی ویستی فڕێی بدات، ئێستا خزمەتی باوکی دەکات!



ئەرشیف _ ئینتەرنێت

تریفە ناوی خوازراوی ئافرەتێکی تەمەن 38ساڵانی تاقانەی حەوت برایە، ئەو لە یەکێك لەکۆمەڵگا هەژارنشینەکانی هەولێردەژیت، تریفە چیرۆکی ژیانی پڕ لە دەردەسەری و ناخۆشی خۆی بۆ خەبات گێڕایەوە:

تریفە دەڵێت: هەموو جاران دایکم بەڕەحمەت بێت دەیگێڕایەوەو دەیگوت: تۆ کە لەدایکبوویت بەردەوام لەگەڵ باوکت شەڕمان بوو!منیش جارێکیان پرسیم بۆ دایە؟دایکم گوتی: تۆ کۆتا منداڵ بووی، حەوت برای ترت هەبوو، باوکت زۆر کەیفی بەکوڕ دەهات و رقی لەو کەسانەش دەبۆوە کە کچیان هەیە، یاخود کچیان دەبێ.

تریفە بەردەوام بوو لەقسەکردن بۆ خەبات و گوتی: دایکم گوتی تۆ لەدایکبووی باوکت لەماڵ نەبوو، کە هاتەوە بینی منداڵەکان بووەو کچە، چی خراپ بوو بە منی کرد، هەزار جنێو و قسەی ناشرینی پێگوتم. بەبەردەوامی و هەموو ڕۆژ سوکایەتی پێدەکردم. دایکم گوتیشی: ڕۆژێك باوکت هاتە لام و گوتی من ئەو منداڵە بەخێو ناکەم و دەیدەمە بەماڵێك.

تریفە دەڵێت: دایکیشم دەستی کردووە بۆ ئەوەی باوکم ئەو کارە نەکات، بەڵام گریانی دایکم سوودی نەبووە. تریفە بەهەناسەیەکی قوڵ و چاوێکی پڕ لەفرمێسك بەردەوامبوو بۆ خەبات و گوتی: منیان دابووە ماڵێکی دەوڵەمەند ئەوان نەزۆك بوون منداڵیان نەدەبوو، ئیدی منیش ئەوکات نزیکەی یەك هەفتە گریاوم و خواردنم نەخواردووە وەکو پێوست! ماڵەکەش بەناچاری هاتونەو منیان داوەتەوەو گوتویانە: ئەو منداڵە بە ئێمە بەخێو ناکرێ!ڕۆژان تێپەڕین و من کەمێك گەورەبووم و هەستم بەوە دەکرد باوکم زۆر رقی لەمن دەبۆوەو لەبەرامبەردا زۆر بەڕوو خۆشی و کەیفی بە براکانم دەهات!یەك شتی بچووکم بکردایەو ڕاستیش بوومایە، هەر قسە و جنێوی پێ دەگوتم! ژیانی من و دایکم تەنیا گریان و جنێوپێدان و سەرکۆنەکردن بوو لەناوخەڵك!براکانم هەموو هاوسەرگیریان کردو یەك بەرام مابوو، دایکیشم وردە وردە بەڕەوپیری چوو، ڕۆژێك جەڵتەی مێشك لێیداو دوای چەند ڕۆژێك مانەوە لەنەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.

تریفە دەڵێت: دوو ساڵ بەسەر کۆچی دایکم تێپەڕی لەڕێگەی خزمێکەوە داخوازیم هات کوڕێکی باش و ڕێك بوو، منیش ڕازی بووم و شووم پێکرد، دوای من باوکم و برایە بچووکەکەم لەماڵ مانەوە، باوکیشم پیری دایگرت و تووشی نەخۆشی شەکرە و پەستانی خوێن بوو، دوای ماوەیەك برا بچووکەکەشم ژنی هێنا! ماوەیەکی پێچوو ڕۆژێك برا بچووکەکەم و خێزانەکەی بوو بەکێشەیان، ژنی برا بچووکەکەم گوتی: من بەهیچ شێوەك خەزوورم بەخێوناکەم، خۆ من بۆ خزمەتکردنی باوکت شووم بە تۆ نەکردووە. بەهەرحاڵ براژنەکەم داوای ماڵی جیایی کردو براکەشم ماڵی بەجیایی بۆ کرد!باوکیشم پیربوو لەسەرجێ کەوتبوو و ناتوانێت خزمەتی خۆی بکات، هەر حەوت براکەم ئامادەنەبوون بەخێوی بکەن.

تریفە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: براکانم ڕێککەوتبوون کە باوکم ببەن بۆ خانەی بەسەڵاچووان!منیش دەستم کرد بەگریان و هاوار گوتم: بەهیچ شێوەك قبوڵم نییە. لەکۆتاییدا بە یارمەتی هاوسەرەکەم توانیم باوکم بێنمە لای خۆم، ئێستا باوکم لای خۆمەو خزمەتێکی باشی دەکەم چی بوێ بۆی دەکەم، براکانیشم لەترسی براژنەکانم نەیانتوانی باوکم ببەنە لای خۆیان، بەڵام باوکم هەموو سەعاتێك جارێك دەست دەکات بەگریان و دەڵێت: بمبوورەو گەردنم ئازا بکە، من زۆر خراپەم لەگەڵت کرد، زۆر ناخۆشیم بەتۆدا. منیش هەردەم دەڵێم نا باوکە گیان تۆ هەڵەت کردووەو نابێ منیش هەڵە بکەم.

لە کۆتایی گێڕانەوەکەیدا تریفە گوتی: هەردەم سوپاسی پیاوەکەم دەکەم بەراستی خودا تۆڵەی ئەوهەموو ناخۆشییەیی ڕابردووی بۆ کردمەوە پیاوێکی ئاوا مێهرەبانی پێ بەخشیم، هەرگیز نەمبینیوە جیاوازی بکات لەنێوان باوکی من و باوکی خۆی، هاوکات ئێستا ژیانی من لە ژیانی زۆربەی براکانم خۆشترەو ئەوان بەردەوام کێشەیان لەگەڵ مااڵ و خێزانەکانیان هەیە، بەڵام من هیچ کێشەم نییە.

ئا: دیدار سابیر

ناوەرۆکی ئەم بابەتە پێشتر لە خەبات بڵاوکراوەتەوە، بەڵام جارێکی دی دارێژراوەتەوە. ئەوانەی لەم دیانەیەدا قسەیان کردووە، هەریەکە لە (مەلا برایم هەسنەکی، زەکی ئاکرەیی و محەمەد سمایل) کۆچی دواییان کردووە.

(لاپەڕەی کاروباری کوردستانی)



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

یەکێك لەو پیلانە مەترسیدارانەی کە هەمیشە رژێمی بەعس پەنای بۆ دەبرد، هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆك و رێبەری نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر بوو، کە ٤٩ ساڵ لەمەوبەر رژێمی بەعس بە نەخشەیەکی ژەهراوی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمریدا، ئەو سەرۆکەی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی دەکرد. دوژمن باش دەیزانی کە گەلی کورد دەستبەرداری مافەکانی نابێت و لەو پێناوەدا بەردەوام خەبات دەکات و بەرچی دوژمنانی دەداتەوە، هەربۆیەشە هەموو گەلی کوردستان بەبێ جیاوازی بارزانیی نەمریان بە رابەری خۆیان دەزانی و هەمووان لە سۆنگەی بیرو خەبات و سەرکردایەتی ئەوەوە دەیانڕوانییە خۆیان و ڵات و دۆزو ئایندەی شۆڕش و نیشتیمانەکەیان و بەوپەڕی متمانەو ئومێدەوە لەگەڵ خۆی و شۆڕش و رێبازەکەیدا بوون، بێگومان رۆڵ و پێگە گرنگەکەی ئەم رابەرە چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و میللی و چ لەسەر ئاستی خەباتگێڕیی و سیاسییەوە وایکردبوو، کە لە پیلان و پەلاماڕەکانی دوژمنان و داگیرکەران خودی بارزانیی نەمرو بنەماڵە تێکۆشەرەکەی بە ئامانج بگرێت و ئەولەویاتی تایبەتی هەبێت لە هەموو ئەو پیلان و هەوڵانەی بۆ لەناوردنیان دەدرا، چونکە نەمان یان لاوازی و پاشەکشەی کاروانی خەبات و شۆڕشی کوردستانیان لە نەمان و و لاوازی ئەو سەرکردە بەهێزەو کزبوونی رۆڵی بنەماڵەکەیان دەزانی، هەر وەك لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەیان پیلان و فشارو سیاسەتی تۆندو راستەوخۆ دژ بەو رابەرەو خانەوادە نەبەزەکەی تۆماربوونە، ئەمە لە کاتێکدابوو کە بە پێی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار ١٩٧٠ زەمینەی ئاشتی هاتبووە ئارا. ئەوە بوو لە ١٩٧١/٩/٢٩ لە حاجی ئۆمەران سەر بە دەڤەری باڵەکایەتی، پیلانەکەی بەعس لەڕێی چەند کەسێکەوە کە مەلا و زانای ئایینی عەرەب بوون جێبەجێکرا، دوژمن لەو پیلانەشدا سەرکەوتوو نەبوو، تەنیا رووڕەشی و شەرمەزاری بۆ مایەوە. بۆیە رووداوی پیلانەکە بۆ خوێنەرانی خەبات دەخەینە ڕوو.

لە بارەی پیلانەکەی ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ سەرۆك (مسعود بارزانی) لە کتێبی بزووتنەوەی رزگاریخوازای کورد لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥ دەنووسێت:

بەیناو بەین لە رێگەی دەزگای پاراستن (ئیستیخبارات)ی شۆڕشەوە دەنگوباسێکیان لەبارەی ئەوەوە پێ گەیشت کە حکوومەت بەمەبەستی لەناوبردنی ژیانی بارزانی خۆی، رێگەی پیلاننانەوەی گرتووەتەبەر، یەکێك لەو پیلانانە ئەوە بوو چەند پاسێکی گەوەر کە پڕ بن لە هێزی کۆماندۆس(مەغاویر) و جلوبەرگی ئافرەتیان لەبەردا بێت، بەبانبەن بۆ کانیێی شێخی باڵەك لە حاجی ئۆمەران و لەوێ خۆیان بشارنەوە و پاشان دەست بکەن بە هێرش بردن. پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد ئەم خەیاڵەیان لە مێشکی خۆیان دەرکرد چونکە دەرفەتی سەرکەوتنی زۆر کەم بوو. بیریان لەوەش کردەوە کە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژ بنێرن ڕێ لە بارزانی بگرێ، ئینجا بەدەزگای کۆنترۆڵ بتەقێنرێنەوە بەڕوویدا، بەڵام ئێمە لە کاتی خۆیدا لەمە ئاگادار بووین و چی پێویست بوو بۆ دابینکردنی سەرنەکەوتنی ئەم پیلانەش کردمان، تا ئەگەر هاتوو جێبەجێیان کرد هیچ ئامانجێك نەگەیێنێت. من و ئیدریس هەوڵماندا باوکم ڕازی بکەین هەندێ کاری ئاسایشیی بۆ بکەین لەبارەی چۆنیەتیی پێشوازیکردن لە میوانەکانی، بەڵام ئەو ڕێی نەدا کەس لەوانە بپشکێنرێت کە دێن بۆ لای نەخوازەڵا ئەگەر لە پیاوانی ئایینی بن.

لەبارەی پێش پیلانی ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەنووسێت:

لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١ دا دوو مەلا هاتن بۆ بارەگای بارزانی عەبدولجەبار تەعزەمیی سوننی مەزهەب و عەبدولحوسێن دەخیلیی شیعە مەزهەب بوون، هاتبوون سەر لە بارزانی بدەن، ئەویش بە گەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنی کردن. ئەمانە بە قسەی خۆیان بە هۆی بەدبوونی بارودۆخی نێوان شۆڕش و ڕێژیمەوە هاتوون و باسی کاریگەریی ئەو بکەین واتە (بارزانی ئاگەدار بکەن) کەوا دەست دەدەنە هەڵمەتێك لە نێوان زانایانی ئایینی و خەڵك بۆ ئەوەی هەوڵێك بدەن بۆ گرتنی ئەو کەلێنانە و دەیانەوێ رای بارزانی لەم ڕووەوە بزانن و ئاخۆ ئەم نیازەی ئەوان چۆنە لای؟ بارزانی نیازەکەیانی پەسند کرد کە بیریان لێ کردەبووەوەو دڵگەرمیی خۆی بۆ پێشاندان و هانیدان جێبەجێی بکەن، تووماەز ئەو شۆڕشەی ئۆتۆمبێلەکەیانی لێ دەخوڕی یەکێك بوو لە کاربەدەستانی دەزگای موخابەرات. بەپێی ئەو فێرکردنەی لە موخابەراتەوە فێریان کرد بوو هاتنەکەی خۆی بەهەڵزانی هەندێ شتی کرد بۆ شارەزا بوون لە ناوچەکە و توانی بزانن بارزانی لە کوێ دادەنیشێ و مرۆڤ لە کوێوە دەگاتە ئەو شوێنە و لە کوێوە لێی دەردەچێ.

بەر لە کۆچی دوایی هەڤاڵی دێرینی بارزانیی نەمر (مەلا برایم هەسنەکی) پێشمەرگەی بەشدار بووی شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بەشداربووی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و بەرپرسی پاسەوانەکانی بارزانیی نەمر، لە بارەی پیلانەکە لە ١٩٧١/٩/٢٩ لە حاجی ئۆمەران بۆ تیرۆر کردنی بارزانیی نەمر دانەدرا، گوتی: ئەو کات من بەرپرسی پاسەوانەکانی بارزانیی نەمر بووم، لە کاتی ڕووداوەکەدا بە خۆم لەنزیکی ئەو ڕووداوە بووم، لەو کاتەدا مامۆستایانی ئایینی ١١ کەس بوون کە بەناوی مامۆستای ئایینی و بەجلوبەرگی مەلایەتی بەناو بۆ دیداری بارزانیی نەمر هاتبوون. حکوومەتی عێراق پیلانی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمری داڕشت و دەیزانی بارزانیی نەمر زۆر ڕێز لە مامۆستایانی ئایینی دەگرێت، وەفدەکە بە دوو ئۆتۆمبێل هاتنە بازگەی حاجی ئۆمەران هاتن بۆ دیداری بارزانیی نەمر، ساڵح مەحمود پێشوازی لە میوانەکان کرد کە هەموویان ١٤ کەس بوون و هەندێك مامۆستایانی ئایینی داوایان لە بارزانی کرد بە تەنیا ببینین، بەڵام مخابن دوژمن ئەو پیلانەی بۆ بازانیی نەمر داڕشتبوو تا خۆی و شۆڕشی ئەیلوول لەناوبەرن، بۆیەشە مەلای ئایینی هەڵیژاردبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە چەپەڵە، چونکە دەیزانی کە بارزانی نەمر زۆر ڕێزی لە مامۆستاو پیاوانی ئایینی دەگرت، هەر جۆرە مەزهەبێك بوونایەو لە کاتی هاتنیان بۆ بارەگای بارزانیی نەمر و شۆڕش، کەس مافی ئەوەی نەبوو بپانپشکنێت، دوژمنیش ئەوەی بە دەرفەتزانی بۆ تیرۆرکردنی ڕابەری کورد بارزانیی نەمرو لە ئەو سیفاتە بەرزەی بارزانی سوودی وەرگرت و ئەو پیلانەی ئەنجامدا.

پێشمەرگەی دێرین (ساڵح مەحمود بارزانی) بەشداربووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخواز لە بارەی ئەنجامی پیلانی داڕێژراو بۆ تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر لە لایەن حکوومەتی بەعسەوە گوتی:

ئەو کات من لە حاجی ئۆمەران لە دیوەخانەی بارزانیی نەمر بووم بۆ خزمەتکردن و یارمەتیدانی میوانەکان، ئەوکات شەهید ئیدریس بارزانی لەوێ نەبوو، چووبوو سەردانی بارەگاکانی پێشمەرگە لە زۆزك و گرێبیش و حەسەن بەگ بکات. دواتر کاك مسعود بارزانی هاتەلام بە منی گوت: برۆ لای باوکم و پێی بڵی کە مامۆستا ئاینییەکان بە تێزیۆتاستیشن و شۆفێرلێتێك هاتن، بە بڕیاری بارزانیی نەمر هیچ کەس لە مامۆستایانی ئایینی کە نەپشکێنران، چونکە بارزانیی نەمر زۆر ڕێزی لە مامۆستا ئاینیەکان دەگرت و دوژمن دەیانزانی کە کە پشکنین ناکرێن و ئەم هەڵەیە بقوزێنەوە بۆ تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر.

لەبارەی پیلانەکەی ١٩٧١/٩/٢٩ خوالێخۆشبوو مام (زەکی ئاکرەیی) بەشدار بووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و یەکێك لە پاسەوانەکانی بارزانیی نەمر، دەیگێڕایەوە:

مامۆستا ئاینیەکان ڕاستەخۆ لە بەغداوە نەهاتن بۆ بارەگای بارزانیی نەمر، بەڵکو لە ڕێگای موخابەراتی بەغداد و ئیستخباراتی بەغداد لە حەوزی ڕەواندز بوون و لەوێ ٢ شۆفێر و ٩ مامۆستای ئایینی بوون، ئەو ٢ شۆفێرە دیراسەت و شارەزایی باشیان هەبوو کە هاتنە ڕەواندز و هەوڵی ئەو مامۆستا ئاینییانە گەیشتە بارەگای بارزانیی نەمر، لەبەر ئەوەی ٢ مامۆستای ئایینی تێدابوو کە بارزانیی نەمر دەیناسین، بۆیە یەکسەر ڕێگەیان پێدرا کە بێن بۆ بارەگا، کە هاتن لە سەیتەرەی بەرزیوەوە هەتا گەڵاڵەو حاجی ئۆمەران کەس نەیانپشکنی و لەحاجی ئۆمەران، ئەوان بەرنامەیان وا دارشتبوو کە هەتا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پیلانەکە ئەنجام بدەن، پاشان هەوڵی هاتنی مامۆستا ئایینەکان گەیاندرایە بارزانیی نەمر، بە هەردوو ئۆتۆمبیلەکەیانەوە چوونە سەرکانی شێخ، چونکە جاری پێشتریش ٢ لەو مامۆستا ئاینیانە هاتبوونە سەرکانی شێخ و لەوێدا چاوەڕانی جەنابی بارزانیی نەمریان دەکرد. دواتر ساڵح مەحمود چووە لای جەنابی



بارزانیی نەمر لە پێشوازیی شاندی مامۆستایانی ئایینی

لە49ەمین ساڵیادی هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمر لەلایەن رژێمی لەناوچووی بەعسەوە

بارزانیی نەمر: ئەگەر دەست بکەینەوە بە شەڕ دەبێ لە پێناوی کەرکووک و خانەقین و شنگالدا بێت، نەک بە هۆی منەوە





هەندێك ناسنامەی ئەو شاندەی لە هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمردا کوژران

سەرۆک بارزانی:

پیلانەکە لە ناو هاوولاتیاندا بڵاوبووەوە، خەڵک رووبانکردە حاجی ئۆمەران، بەهیچ رازی نەدەبوون، دەبوو بارزانییان بە چاوی خۆیان بدیایە



بارزانیی نەمر دوای هەوڵی تیرۆرکردنی لە شوێنی رووداوەکە

مەلا برایم هەسنەکی:

هەموویان 14 کەس بوون، هەندێک مامۆستایانی ئایینی داوایان لە بارزانی کرد بە تەنیا ببینن

سالح مەحمود بارزانی:

بڕیاری بارزانیی نەمر هیچ کەس لە مامۆستایانی ئایینی نەپشکێندران، چونکە بارزانیی نەمر زۆر ڕێزی لە مامۆستا ئاینییەکان دەگرت

سەرۆك مسعود بارزانی و پێشڕاگەیاند، کە میوانەکانی جەنابی بارزانیی نەمر هاتوون، هەرچەندە سەرۆك مسعود بارزانی بە سالح مەحمودی گوتبوو بچێتە لای باوکی و پێ بڵێت میوانەکان هاتوونەو لە دیوەخانن، دکتۆر مەحمود عوسمان لەگەڵیان دابوو، دواتر بارزانیی نەمر کە زانی مامۆستا ئایینیەکان هاتوونە بە سالح مەحمودی ڕاگەیاند، با نوێژ بکەم دواتر دێم، هەروەها بە سالح مەحمودی گوتبوو بچێت نانی نیوەڕۆیان بۆ ئامادە بکات، بەڵام مامۆستا ئایینەکان قبوڵیان نەکردبوو و گوتیان ئێمە لەگەڵ جەنابی بارزانی پێکەوە نان دەخۆین، کاتێك بارزانیی نەمر هات دیار بوو هەندێك لە مامۆستا ئایینیەکان دەیانەویست بارزانیی نەمر بە تەنیا ببینن و بچنە ژوورێکی بچووك کە سەیارەی میترێزکراوەکەیان لە تەنیشت ڕاگرتبوو، تا بتوانن پیلانەکە بە تەواوی جێبەجێ بکەن، بارزانیی نەمر بە مامۆستا ئایینیەکانی فەرموو: ئێوە هەموتان پێکەوە نەهاتوون؟ ئەوانیش گوتیان بەڵێ، دواتر بارزانیی نەمر فەرمووی: با هەر لێرە لەو دیوەخانە قسەکانمان بکەین. ئەوانیش ناچار بوون قبوڵیان کرد. هەر ئەوکات جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی هات و بە ئێمەی گوت: کە باوکی چووە ئایا کەسێکی لە گەڵدایە، ئێمەش گوتمان بەڵێ دکتور مەحمود عوسمان لە گەڵیدا بوو.

هەڵوێستی بارزانیی نەمر مام (مەلا برایم هەسنەکی) یەکێك لەفەرماندەی پاسەوانەکانی بارزانیی نەمر لە بارەی ڕووداوی پیلانەکەی دوژمن، خوالێخۆشبوو گێڕاویەتەوە:

کاتێك لە دیوەخانەکە دانیشتن مەجید کاتب پاش ماوەیەك هاتبووە دەرەوە بە منی گوت: هەندێ چای بۆ میوانان بهێنن، پاشان بە شەهید شەریف سالح زیوەیی چاپچیم گوت: هەندێك چای بۆ میوانان بهێنن، ئەوە بوو چاپچیەکە کە (شەریف سالح زێوەیی) بوو، چای بۆ میوانەکان بردە ژوورەوە لەو کاتەی کە چای بۆ میوانەکان داناو بۆ بارزانیی نەمریشی دانا، لەو کاتە دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز هات و بووە تەپوتۆز، ئەوە بوو ئەو مەلایەی بەرامبەر بارزانیی نەمر دانیشتبوو خۆی تەقاندەوە و چاپچیەکە شەهید بوو، هەر ئەویش بووە سەبەب کە بارزانیی نەمر لەم پیلانە بە سەلامەتی دەربچێت.

جەنابی سەرۆك (مسعود بارزانی) لە نووسینەکانی لەبارەی ڕووداوی پلانی ١٩٧١ کە بەخۆی یەکێك لە شاهیدحاڵەکان بووە دەنووسێت:

ڕۆژی ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ ئیدریس لە ماڵ نەبوو، چوو بوو بۆ سەردانی بارەگاکانی پێشمەرگە لە زۆزك و گەریەبێش و حەسەن بەگ، ساعەت چوارو پەنجا و پێنج خولەك دەنگی تەقینەوەیەکی گەورەم گوێ لێ بوو، وامزانی دەنگی تەقینەوەی مینی دینامێتە لەو جۆرەی بۆ شکاندنی بەردی چیایەکان بەکار دەهێنرێت، بەڵام ڕاستەوخۆ دەنگی گوللەو تەقینەوەیەکی زۆریشی بەدوادا هات. ڕاست و ڕەوان ڕامکرد بەرەو ماڵی باوکم، وام دەزانی باوکم لەوێیە، بەڵام لەوێ نەمدی. تفەنگەکەم هەڵگرت و بەهەڵەداوان ڕامکرد بۆ ئەو شوێنەی پێشوازیی میوانی لێ دەکات. لە نیهادم پرسی: باوکم لە کوێیە؟ وتی: کوژرا. کەوتمە زەوی. هێزم لێ بڕا، بەڵام پاش تۆزێك زۆرم لە خۆم کرد و هەستامەوە و ڕووم کردە شوێنی تەقەکە. لە ڕێدا تووشی پێشمەرگە ڕەسوواڵ خدر بووم کە یەکێك لە پاسەوانەکانی باوکم بوو. لەبارەی باوکمەوە پرسیارم لێ کرد، وتی: سەلامەتە، دڵت خەتەرە نەکا، بەڵام پرژی یەکێك لە نارنجۆکە فرێدراوەکانی بەرکەوتووە و بریندار کردووە. پاشان بۆم دەرکەوت کەوا بارزانی پێش ئەو کاتەی خۆی دیاری کردبوو بۆ دیتنی مێوانەکان، ڕاستەوخۆ پاش نوێژی عەسر، چوو بوو بۆ لایان. چوو بووە ژوورەوە و بەخێرهاتنی لێ کردبوون و دانیشتبوو. لەوکاتە پێش خزمەتەکە کە ناوی شەریفی کوڕی سالح بوو هاتبووە ژوورەوە و چای هێنا بوو بەسەر مێوانەکانیدا دەگێڕا. لە نێوان باوکم و بۆماکەدا وەستا بوو کە ناو جلەکانی ئیبراهیم خوزاعیدا بوو کە یەکێك بوو لە مەلاکان. بەوجۆرە چاپچییەکە بوو بەدیواریك کە بۆماکە لەناو جلەکانی ئیبراهیم خوزاعیدا تەقیەوە باوکمی لێ پاراست و خۆی پێوە بوو. بەمجۆرە بارزانی بەپەرجوو (موعجیزە) یەك بە سەلامەتی لەو پیلانە رزگاری بوو.

خوالێخۆشبوو (محەمەد سایل هوستانی) گێڕاویەتەوە:

بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورە بوو کە بارزانیی نەمر لەو پیلانە رزگار بوو، ئەوانەی تەنیشت لای ڕاست و چەپی بارزانیی نەمر بوون کە ٨ کەس بوون کوژران و ئەوانی تر هاتنە دەرەوە، بارزانیی نەمر لە ژوورەکەی بەجێهێشت و هاواری دەکرد و بە ئێمەی پێشمەرگەی دەگوت: کەسیان مەکوژن، بارزانیی نەمر وەکو موعجیزە هاتەوە دەرەوە و پارچەگۆشتێکی بە چاوی بوو. مەلائیبراهیم گوشتەکەی لێی کردەوە و جگەرەیشی لە دەست بوو کە کوژابۆوە و چەخماخەکەی پێکرد و دیسان جگەرەکەی داگیرساندەوە، لە دەرەوەش هەردوو شۆفیری مەلاکان کە زانیان بارزانیی نەمر سەلامەتە دەستیان کردە بە نارنجۆك هاویشتن تا سەرەنجام کوژران.

پاش ئەوەی بارزانیی نەمر بە ساغ و سەلامەتی لە دیوەخانە دا هاتەوە دەرەوە بۆ ماوەیەکی کورت تەقینەوەیەکی تر ڕوویدا لەم بارەیەوە (سالح مەحمود بارزانی) گوتی:

تەقینەوەیەکی تر ڕوویدا ئەویش ئۆتۆمبێلی دەرەوە بوو کە بەرامبەر ژوورە بچووکەکەی تر دانرا بوو دواتر لە دەرەوە شۆفیرەکان نارنجۆکیان هاوێشت و هەردووکیان کوژران. لە ئەنجامی ئەم پیلانەدا جگە لە چایچی کە لە ژوورەوە شەهید کرا و پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی سەلیم زبیر بارزانی شەهید کرا و مەلا برایم و ئادەم فەلە و زەکی ئاکرەیی و دەرویش میرۆ بە سەختی بریندار بوون ڕەوانەی ئێران کران و چەندین پێشمەرگەی تر کە بە بڕینەکانیان زۆر سەخت نەبوو بریندار بوون. دوای ئەوە هەواڵی پیلانەکە بڵاوبووەوە، جەماوەری کوردستان و لایەنگرانی شۆڕش سەردانی حاجی ئۆمەرانیان کرد، ئەو خەڵکە باوەڕیان نەدەکردو داوایان ئەوە بوو کە دەبێ بە چاوی خۆیان ڕابەری کورد بارزانیی نەمر ببینن، دواتر بارزانیی نەمر داوای لە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کرد بروسکە بۆ هەموو لق و بارەگاکانی پێشمەرگە بکات کە دان بە خۆیان بگرن و هیچ نەکەن، چونکە بارزانیی نەمر لەم پیلانە کە خوا پشت و پەنای بوو سەلامەت بوو. دوژمن بەو پیلانە شومەی دەیویست سەرکردایەتی شۆڕش وخۆدی شۆڕش لە ناو ببات و لەو پیلانەدا دوژمن بەرنامەی داڕشتبوو کاتێك بارزانیی نەمر تیرۆرکرا لە هەموو شوێنێك بە فڕۆکە وتۆپ و تانك هێرش بکەنە سەر بارەگا و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش و بەم شێوەیە کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلوول بێنن، بەڵام خەیاڵیان خاو بوو چونکە بارزانیی نەمر لەو پیلانەدا بە موعجیزە ڕزگاری بوو و بۆ گەلی کورد سەلما، کە خوا لە هەموو کات و شوێنێك پشت وپەنایەتی.

زەکی ئاکرەیی:

کە هاتن لە سەیتەرەی بەرزیوەوە هەتا گەڵاڵەو حاجی ئۆمەران کەس نەیانپێشکنی، ئەوان بەرنامەیان وا داڕشتبوو کە هەتا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پیلانەکە ئەنجام بدەن

جەنابی سەرۆك (بارزانی) دەنووسێت سەعات پێنج و بیست و پێنج خولەك بە کوژرانی پیلانگێڕەکان هەموو شتێك بڕایەوە. دواتر دەنووسی:

سەعات پێنج و بیست و پێنج خولەك بە کوژرانی پیلانگێڕەکان هەموو شتێك بڕایەوە. پاش ئەوەی خەڵکەکە هەموو بڵاوەیان لێ کرد ئۆتۆمبێلە تۆیۆتا کات بۆ دانراوەکەش تەقییەوە و پرزۆڵەکانی بەتەختانەکەدا بڵاوبوونەوە. نازانم ئەگەر وا دەرەنگ نەتەقییابایەتەوە چی بەسەر خەڵکەکە دەهات؟ نۆ کەس لە مەلاکان لەگەڵ دوو شۆفێرەکەدا کوژران ئەمەش ناوەکانیانە: (عەبدولجەبار ئەعزەمی، عەبدولوەهاب ئەعزەمی، عەبدولحوسێن دەخیلی، باقر موزەفەر، ئیبراهیم خوزاعی (ئەوەی تۆمارکردە بۆمبارێژکراوەکەی هەڵگرتبوو) ، غازی دلێمی، ئەحمەد عەبدوڵڵا یاسین هیتی، نووری حوسێنی، ئەحمەد محەمەد قاسم و، هەردوو شۆفێرەکە، عەبدوڕەحمان سلێمان کوحی کە لە بنەماڵەیەك بوو ئەوانەی سەربە ئەو بنەماڵەیە بوون هەموو فێری ناپاکی و غەدر بوون و، محەمەد کامیل ئیسماعیل(. دوو پێشمەرگەش کە سەلیم زوبێر بارزانی و شەریف نزاری بوون، شەهید بوون، چوارەم کەس تریش بریندار بوون. سەعات شەشی عەسر ئیدریس گەڕایەوە. بەرلەوەی بگاتەجێ نێردراوێکم نارد بۆ لای لە دەربەند پێشوازیی لێ بکات و لەوەی کە ڕوویدا و لە سەلامەتی باوکم ئاگەداری بکات. هەروا پیلانەکە لە ناو هاوڵاتیاندا بڵاوبووەوە و خەڵك ڕوویان کردە حاجی ئۆمەران. بەهیچ ڕازی نەدەبوون، دەبوو بارزانییان بە چاوی خۆیان بدیایە. هەموو سوپاسی خوایان دەکرد کە وا بارزانی لە سایەی خواوە سەلامەت بوو. بۆ شەوەکە بروسکەیەکیان بۆ هەموو لق و بارەگان وبنکەکانی پێشمەرگە لێ دا، ڕامانسپاردن کە خۆیان بگرن و کارێکی وا نەکەن کەسی پێ تووڕە ببێ. بروسکەیەکیان لە وڵاتی عێراقی حزبی بەعسەوە بۆ هات بۆ پیرۆزبایی بەڕزگاربوونی بارزانی و، ئامادەیی تەواوی سەرکردایەتیبانی دەردەبڕی بۆ هاوکاری لە گەڵاندا بۆ هەوڵدان لە پیناو پەردە هەڵدانەوە لە ڕووی سازکەرانی ئەو پیلانە و ئەوانەی تیایدا بەشداربوون. ئێمەش وەڵامیان دانەوە کەوا ئەوانەی پیلانەکەیان جێبەجێ کرد لە بەغدا هاتبوون. پاشان سەرکۆمار، دوکتۆر عەبدوسەتار جەواری کە یەکێك بوو لە وەزیرەکان بە نوێنەرایەتی خۆی نارد بۆ پیرۆزبایی و، دەربڕینی پێ ناخۆشبوونی خۆی لە ڕووداوە و جەختکردن لەسەر ئەوەی کە بەهیچ جۆرێ ئاگای لێ نەبووە. لێژنەیەکی تێکەڵیش لە هەردوو لا پێك هات بۆ کۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کەلەم کەسانە پێك هاتبوو:حامید عامی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ و، حازم قازی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر و، مقەدەم ڕوکن عەلا جەنابی لە لایەن ئیستخباراتی عەسکەرییەوە، عەلی عەبدوڵڵا و شێخ ڕەزا گوڵانیی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و ئیحسان شیرزاد و نافیز جەلال. لێکۆڵینەوەکە لەبەر هۆی ساده هیچ ئەنجامێکی بەدەستەوە نەدا کە هۆیەکەش ئەوە بوو بەگوێرەی ئەو زانیارییەکانی دەزگای هەواڵنینی شۆڕش دەستیان خستبوون، ڕێژیم خۆی پیلانەکەی ساز کردەبوو.

سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕش کۆبوونەوە و هەندێکیان داوایان لە بارزانی کرد پێوەندی لەگەڵ ڕێژیم بپچڕێنرێ، لەمبارەیەوە سەرۆك (بارزانی) بەمشێوە دەنووسێت:

لاشەی یەکێك لە دوو شۆفێرەکەمان نەدایەوە، بەڵام لاشەکانی ئەوانی ترمان دایەوە دەستی کەسوکاریان. دڵەکوتەیەکی سەخت کەوتە ناو دەزگاکانی حکوومەتەوە، چونکە وایان گومان دەبرد کەوا شۆفێرەکە زیندووەو ئێمە بەزیندوویی لای خۆمان گلمان داوەتەوە. بەرپرسانی حکوومەت بەجارێ شێت بوون، کەوتنە گرتنی هەرکەسێك گومانی لێ بکەن کە شتێك لەبارەوی ئەو شۆفێرەوە دەزانن و زۆریان لێ سزادان و تەنانەت ژمارەیەکیشان لە ژێر سزادا شەهید بوون وەك مەجید حاجی قادر. لە لایەکی ترەوە بۆمان دەرکەوت یەکێك لە شۆفێرەکان برای عەلی کوخییە و برایەکی تریشی هەیە کاتی خۆی مەحموود ئیزدیدیی لە پڕ کوشتبوو، کە یەکێك بوو لە سەرکردە قارەمانەکانی شۆڕش و، پاشان پەنای بردبووە بەر حکوومەت و ڕێکخراوی ناوخۆی پارتی لە مووسڵ کەوتە بەدواداچوونی و لێی نەگەڕا تا کوشتی. سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕش کۆبوونەوە و هەندێکیان داوایان کرد کەوا پێوەندی لەگەڵ ڕێژیم بپچڕێنرێ و شەڕ دەست پێ بکرێتەوە، بەڵام بارزانی دژی ئەم بۆچوونە بوو و وتی: (نەخێر، ئەگەر دەست بکەینەوە بە شەڕلە پێناوی کەرکووك و خانەقین و شنگاردا بێت نەك بە هۆی منەوە). پاشان وەزیرەکان گەڕانەوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی دەست بکەنەوە بەکارەکانی خۆیان. بۆ ڕاستیش دەڵێم: ئەم دەستدرێژییەی لە ٢٩ی ئەیلوولدا ڕووی دا و هیوای چارەسەرکردنی بەئاشتیی پرسی کورد لە ناو برد و، دەرکەوت پرسەکە ماوەتەوە سەر تەنیا کات و،متمانە لە نێواندا هیچ نەماوە.

تێبینی بۆ سود وەرگرتنی ئەو بابەتە:

چاوپێکەوتنم لە گەڵ چەند پێشمەرگە و شاهید حاڵی ڕووداوی پیلانەکە.

کتێبی: (مسعود بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی سێیەم بەشی دووەم شۆڕشی ئەیلوول) لە نوسینی: جەنابی سەرۆك بارزانی.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠١٢٨٧٩٩ بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٤ بەری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی عبدالقادر جلال قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێلی ژمارە ٦٨٤٠٩ سلیمانی/ تایبەت بەناوی هاشم مجید امین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل
شؤون الاحوال
الواقعات

عدد/ ٣٦٠٤
تاريخ/ ٢٠٢٠/٢/٢٧

اعلان

قدم المواطن (محمد عبدالعزيز عبدالكريم) طلب فى هذه مديرية تسجيل لقبه (شوانى) فمن لدية اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال عشر يوما من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية فى دعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقة الوطنية رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

ع/اللواء الحقوقى
نشأت ابراهيم شلال
مدير العام للمديرية الاحوال المدنية والجوازات والاقامة/وكالة

***

محكمة تحقيق سنجار
الموقع البديل في فايده

العدد/٢٣٠٥/٢٠٢٠

اعلان عن مفقود

الى المدعوه (عزيزه رشو خلف) بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ وتم خطفه من قبل عصابات داعش الارهابية خلال احداث سنجار يوم ٢٠١٤/٨/٣ ورغم البحث والتحري عنه لم يتم التعرف على مكان تواجده ولم يعلم مصيره فمن لديه معلومات عنه اخبار اقرب محكمة تحقيق او مركز شرطة

القاضي / خالد هويدى وكاع

***

دائرة التسجيل العقارى فى السليمانية / ٢
اعلان تبليغ المدين مجهول الاقامة
الى الراهنة المدينة / جوان عمر محمد على
التسلسل او رقم القطعة / ٧٧ / ٨٥
المحلة أو رقم و اسم المقاطعة / ١ ملكندى دباشان
الجنس / ارض دار مع بنائها
النوع / ملك الصرف
رقم الباب /
رقم الطابق /
رقم الشقة /
مقدار المدين / ١٤٦٠٠٠٠٠٠ دينار
اسم الدائن المرتهن / ريبوار خالد عبدالله
تأريخ الاستحقاق / ٢٠١٩/٤/١١
وصف سجل التأمينات العينية : مرهونة بعدد ١١ نيسان / ٢٠١٨ جلد ٢١
محل الاقامة بالعقد : توى مليك
بناء على استحقاق المبين اعلاه وطلب الدائن تحصيلية وبالنظر لعدم اقامتك فى محل المبين بالعقد وانه ليس لك محل اقامة معلوم غيره، فتعتبر بذلك مجهول محل الاقامة فعليه قررنا تبليغك بلزوم دفع الدين وتوابعه خلال ١٥ يوما اعتبارا من اليوم التالى لتاريخ نشر الاعلان والا فسيباع عقارك الموصوف اعلاه بالمزايدة وفقا للقانون.

المديرة / دائرة التسجيل العقارى فى السليمانية / ٢
ليلى عمر على

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە/ ٤٣٤/ت/٢٠١٨
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٥

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو هیثم عبدان اسماعیل

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نیە بریارماندا لەڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبێت یان خۆت بگەیێنێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ قادر سعید محمود

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/سەلاحەدین
ژمارەی دۆسیە/٦/ئانیە/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/٢٩

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەلاحەدین مولکی ژمارە ٨٤/٦٩ قلاسنج کە کەوتوەتە سەلاحەدین دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەزار سالار تحسین اسعد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هیرش نورالدین محمد بەبڕی/ ٧٨,٠٠٠,٠٠٠ حەفتاو هەشت ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / لاوژە محمد باقی

١ - شوێن و ژمارەی/ سەلاحەدین ٨٤/٦٩ قلاسنج
٢ - ڕەگەزو جۆری/ زەوی
٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ زەوی کشتوکاڵی
٥ - ڕووبەرەکەی/ ٩ دونم زەوی کراوە بە دوپشك بری ٤,٥ چوار دونم و نیو
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ بەتالە
٧- نیشتەجێکەی/
٨ - نرخی قرساو/ ٥٥,٣٥٠,٠٠٠ پەنجا و پێنج ملیۆن و سێ سەدو پەنجا هەزار دینار.

***

دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٤٤/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٩/٢٨

ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو (شبنم هاشم عزیز قبادی) دانیشتوی شاری کۆیە/ گەرەکی دڵدار بەڵام ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە هاوسەرەکەت داواکار(نارام قادر علی) لەداوای ژمارە(٤٤/ش/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای جیابوونەوە بەهۆی نەگونجان ئەکات (تفریق بسبب الخلاف) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایەو پشتگیری ئەنجوومەنی گەڕەکی شارەوانی کۆیە، وەپشت بەستن بەمادەی(٢١) لەیاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەڕۆکی ئەم داوایە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بۆ ئەوەی لەماوەدای دادبینی ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/١٩) لەم دادگایە ئامادەبێیت خۆت یان بریکاری یاسایت بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.

دادەر/ جاسم حمد رضا

***

دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە / ١٥٤/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٩/٢٨

جاردان

بۆ / داوالێکراو (اصلان احمد حسن)
شوێنی دانیشتووی نادیار.

داواکار (عیده محمد حسن) داوای شەرعی ژمارە (١٥٤/ش/٢٠٢٠) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (پەسەند کردنی تەلاقی دەرەکی) (تصدیق الطلاق الخارجی) وە لە بەر ئەوەی شوێنی نیشتەجیبوونی نادیارە بە پێی نووسراوی (کارگێری کەمپی گەویلان) وە نووسراوی خالی پۆلیسی کەمپی بەردەرەش ژمارە (٥٧) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٣ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە خۆت یان نوێنەرێکی یاسایی ئامادەبێت لە ڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٤ بە پێچەوانەوە دادبینی وەکو پێویست ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا لە گەڵ ڕێزدا.

دادەر / نزار خلیل ابراهیم

***

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٢٣
ڕێکەوت: ٢٩ / ٩ / ٢٠٢٠

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٣٦)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (گواستنەوە و دابەشکردنی سوتەمەنی بەنزین، گازوایل ، نەوت) بۆ ناو شاری هەولێر و دەوروبەر و قەزا و ناحیەکان و ناوچە شاخاوییەکانی سنوری پارێزگای هەولێر (بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ١٤ / ١٠ / ٢٠٢٠ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە تەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا یان نوسینگە تایبەت بە گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان و مۆڵەتی گواستنەوەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێنامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی نەبێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر

***

کۆلێژی هونەرە جوانەکان
سەرچاوە مرۆییەکان

ژمارە: ٧٢٥/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٩

بۆ/ فەرمانبەر (بەناز علی اسماعیل)
لەبەشی (میوزیك)
ئاگادارکردنەوە

دوا بەدوای فەرمانی کارگێریان ژمارە (٥٥٦/٢/٢) لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٣٠) تایبەت بە نەهاتنی فەرمانبەر (بەناز علی اسماعیل) بەناونیشانی (تۆیژەری پێشکەوتوو/ معید) لەسەر میلاکی کۆلێژەکەمان، کە تا ئێستا بەردەوامە لە نەهاتن ئاگاداری دەکەینەوە کە مۆڵەتی بێ مووچەکەی کە بۆ ماوەی (٤) ساڵ لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٣ تەواو بووە، بۆیە (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی ولات بێت و (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی ولات بێت بگەڕێتەوە بۆ سەرکارەکەی خۆی و بەپێچەوانەوە ڕێککاری یاسایی دەگرینەبەر.

پ.ی.د. نەریمان عەبدوللا خۆشناو
ڕاگری کۆلێژ

***

دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە:٣٤٩٣/ب/٢٠١٨/٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٨

داواکار: نازناز عبدالقادر امین و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: رووبار عبدالقادر امین و وهابەشەکانی شوێنی مولك: هەولێر- گەڕەکی عربی نوێ پشت چێشتخانەی ماسی شکاری کۆن
ژمارەی مولك: ٥٥٠/٢٠ عرب

پێکهاتووەکان دوو خانووی لەسەر دروستکراوە خانووی یەکەم دوو نهۆمی یەکەم یەك ژوور چێشتخانە گەرماو، توالێت دووەم دوو ژووری لەسەرەوە خانووی دووەم دوو ژووری لەسەرەوە و دیە.

ڕووبەر/ ٥٧٦م٢

نیشتەجێ/ ڕێدار عبدالقادر امین و هاوبەشە کرێ دەدات لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ وە شێرزاد احمد امین هاوبەشە کرێ نادات لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ.

نرخی خەملاندن: ٤٣٤,٧٢٠,٠٠٠

لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٣٤٩٣/ب/٢٠١٨) (إزالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم دوو مولکەی سەرەوە بۆماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی (١٠٪) لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات، هەر زیادبوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.

داوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە:١٠٣٨/ب/٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٩/١٤

جاڕدان

بۆ داوالێکراو/ سربست بایز عباس

داواکار (المدیر العام للمصرف العراقی للتجاره) داوای ژمارە (١٠٣٨/ب/٢٠٢٠/٣)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی قەرز بۆ داواکار کەوا بری(١٤٧,٤٥٠,٨٢٠,٤٥) دۆلار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/گەرەکی دریم ستی لە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٠/٤ کا ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ایە ال ئی الشرق الاوسط ذ م م/ A.L.E MIDDLE EAST – LCC) بۆ (لخدمات تحمیل و تفریغ البضائع) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ ڕەوا جمعه مدی

ناونیشان/ هەولێر/ امپایر

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٨٦٢٢٢٥

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (بەهریز) بۆ (بازرگانی گشتی /سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ رامان سلیمان عبدالله

ناونیشان/ هەولێر/ MRF Cuattro

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٦٧٩٨٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٨٨٣٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢

بڕیار

ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (ایە ال ئی الشرق الاوسط ذ م م/ A.L.E MIDDLE EAST – LCC) دامەزراوە لە وڵاتی ئیمارات (لخدمات تحمیل و تفریغ البضائع) راستێندراوە لە بالوێزخانەی عیراق لە ابو ظبی بەژمارە (٢١٨) لە ٢٠٢٠/٧/٢٧ و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەژمارە (٢٠١٢٠) لە (٢٠٢٠/٨/١٧) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، و ئاماژە بەبریاری بریکاری لقی کۆمپانیا تایبەت بە دانانی بەڕێز (ڕەوا جمعە مدی) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٠٧٨٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٩

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بەهریز) بۆ (بازرگانی گشتی /سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (بەهریز) بۆ (بازرگانی گشتی /سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (رامان سلیمان عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٩

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٠٤٠٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٣

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فنر خالد حسین) بۆ (بازرگانی گشتی و بازارگەری/تاك)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فنر خالد حسین) بۆ (بازرگانی گشتی و بازارگەری/تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/١٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فواز اوس عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٣

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (وداد) بۆ (بازرگانی گشتی ودانەوێلە وئالیکی ئاژەل - هاوردە وهەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / سمیرة طه ابراهیم

ناڤ ونیشان / دهوك - نوهدرا

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥١٤٥٧٩٥٠٠

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/٢٠٢١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگاداری
بۆ/ منصور علی پور
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریەیە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (صامد نامق خورشید و هاوبەشەکانی) کە بڕی (١٢٠,٠٠٠) ئاعتاب وە چۆلکردنی مولکی ژمارە ٥٤٦/٨٣ ك عرب شقفە ٣) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (لزجین جبرائیل محمد) لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/٢٧ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانیراوە لە (ڕێگاى دارەتوو) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیارىکراوە، بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پێشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازییوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دانوسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزى زکى
ئامێرەکان:
١- دووداندە کەتەرى عدل و زاویەى P.V.C ژمارە/ ٢١١١٧٢٢ و ٢١١١٧٧٣ دروستکراوى تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای ٢*K.W٠,٧٥.
٢- دووداندە کەتەرى ماسیکەى P.V.C ژمارە/ ٢١١١٧٢٤ و ٢١١١٧٢٥ دروستکراوى تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای ٢*K.W٠,٧٥.
٣- دووداندە تشریح حرف T P.V.C ژمارە/ ٢١١١٧٢٦ و ٢١١١٧٢٧ دروستکراوى تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای ٢*K.W١,٠٠.
٤- دووداندە دەرهێنانى کیلۆن و نەرمادەى P.V.C ژمارە/ ٢١١١٧٢٨ و ٢١١١٧٢٩ دروستکراوى تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای ٢*K.W١,٢٥.
٥- دووداندە لەحیم کردنى P.V.C ژمارە/ ٢١١١٧٣٠ و ٢١١١٧٣١ دروستکراوى تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای ٣٠*٢ ئەمپێر.
٦- کۆمپرێسەرى هەواء ژمارە/ ٢١١١٧٣٢ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٧,٥.
٧- چوارداندە کەتەرى پرۆفیل P.V.C ژمارە/ ٢١١١٧٣٣ تاکو ٢١١١٧٣٦ دروستکراوى صینین مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای ٤*K.W٠,٢٥.
٨- مۆلیدەى کارەبا ژمارە/ ٢١١١٧٣٧ دروستکراوى ئینگلیزى مۆدێل ٢٠١٤ جۆرى سوتەمەنى گازوائیل توانای K.V.A٤٠.
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێقەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١١٢
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٢٩
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (فرەهکرن و سەخێرکرنا سایدێ ڕاستێ لسەر ڕێکا ابراهیم خلیل – زاخو بدرێژاهیا ٨,٥ کم) (٣٠) CODE بهایێ تەندەری ٢,٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیون دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی پلە (١).
ئەف سەرئیك کیم کرنە لدیف ڕێنماییێن جێبەجێکرنا گرەبەستێن گشتی یا ژمارە (٢) یا سالا (٢٠١٦) ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/١٥.
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕوژ (ئیك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/١٨)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێقەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١١٣
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٢٩
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو هەبونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (تەمامکرنا ڕێکێن نافخویی و ئاڤا ڤە خوارنێ و ئاڤا گران و یەکا چارەسەرکرن و کارەبا و باغچا و شتایگەری شولەدرا بو پروژێ ئاڤەکرنا شوقێێن نێشتەجێ بوونێ بو هاولاتییێن کێم دەرامەت ل قەزا زاخو) (٢٩) CODE بهایێ تەندەری ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی پلە (١ تاکو ٢).
ئەف سەرئیك کیم کرنە لدیف ڕێنماییێن جێبەجێکرنا گرەبەستێن گشتی یا ژمارە (٢) یا سالا (٢٠١٦) ب شێوی ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو هەمی کومپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/١٥.
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕوژ (ئیك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/١٨)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٠٠٢/ب/٢٠١٩/١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٩
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ نوال هاوار طه
داواکار (ئەڤین حیدر عزیز) داوای ژمارە ٣٠٠٢/ب/٢٠١٩/١ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/گەرەکی ئازای بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاسایت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٠٠٢/ب/٢٠١٩/١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٩
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ نوال هاوار طه
داواکار (ئەڤین حیدر عزیز) داوای ژمارە ٣٠٠٢/ب/٢٠١٩/١ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/گەرەکی ئازای بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاسایت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٣٣/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سرباز احمد شریف)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە/ ١٤/ك.س/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ جمال رحمان سواره
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٠ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٣٢/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هیثم نجیب شریف)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٣٤/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (اسماعیل محمد حسین)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٠ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٢٩/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (انمار یحی حسن)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٠ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادەر / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی تەق تەق
ژمارە/ ٣٤/کەتن/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٣
ئاگانامەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سالار قاسم حمه
لەبەر ئەوەی تۆمەتبار هەڵاتوو بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان، ژمارە ١١١ سالی ١٩٦٩ و سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێت لەکاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا و پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بە پێراگەیاندنتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای کەتن لە تەق تەق لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە و بەپێی یاسا.
دادەر/ جاسم حمد رضا
***
دادگای کەتنی تەق تەق
ژمارە/ ٣٥/کەتن/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٣
ئاگانامەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سالار قاسم حمه
لەبەر ئەوەی تۆمەتبار هەڵاتوو بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان، ژمارە ١١١ سالی ١٩٦٩ و سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێت لەکاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا و پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بە پێراگەیاندنتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای کەتن لە تەق تەق لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە و بەپێی یاسا.
دادەر/ جاسم حمد رضا
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە/ ٢٣٤/ب/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دەریاز مجید امین) بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Vita سەرەڕای کارەکەی داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای الحیاة سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (٢٣٤/ ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرت و تیایدا داوا دەکات بۆ گەراندنەوەی بڕی پارەی (١٩,٥٢٨,٣٨٠) نۆزدە ملیۆن و پێنج سەد و بیست و هەشت هەزار و سێ سەدو هەشتا دیناری عێراقی . وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئاشعاری مختاری (هەولێر / گەرەکی کشتوکال بە ٢٠١٩/٤/٢٣) بڕیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە ئامادەبوونی خۆت یاخود بریکاری یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.
دادەر/ سیروان خضر مصطفی
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/٦٢٣/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠٢٠/٩/٢٩
ڕاگەهاندن
بو/داوالێکراو (هوار قاسم محمد) ل دیف داخازیا داواکار (عالیا محمد صبری) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریارا (تفریق للهجر) کری وڕیەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا هەلبژێرێ تاخێ (سرهلدان) ل ریکەفتی ٢٠٢٠/٩/١٤ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠٢٠/١٠/١٤ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەرۆژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادەر/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلی
ژمارە/١٦٠/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠٢٠/٩/٧
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (موسی محمد خلف) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهی دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێك جودابوون(التفریق) ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (نیرکز احمد عبدی) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها دومیز کەمپا ١ یا پەنابەرین سوری ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە ڕوژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی .
دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٤٥١/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/٢٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (سهام حنا بطرس وزینه صلاح سلیمان داود وریم صلاح سلیمان داود وسلیمان صلاح سلیمان داود)جهێ ئاکنجیبونا وە نەدیارە ژبەر داوا ل دژی وە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (نصره هیرو محمد) ئەوی تێدا داوا دکەت نەهیلانا ههڤپشکیا لسەر خانووبەرا ژمارە(٤٨٤/٦ کەرتی اسلام) وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا وە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤبەریا راگەهاندنی دادی ل دهوکی ژمارە (١٠٩٨) ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٣/٦ وراپورتا هەلبژێری تاخی شورش ل ٢٠٢٠/٦/٧ ڤێ دادگەهێ بریاردا هن بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ناماەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠٢٠/١٠/١٨ وئەگەر ناماەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێرین دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادەر / ریبوار محمد حسن
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٤٦٧/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٧/١
ئاگاداری
بۆ / قەرزار : ذاکر الدین محمد صالح
لەبەر نەزانین ونەیاری شوێنت بۆیە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بڕیاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥)پازدە) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (شیماء احمد قاسم) کە (٤١٧٥٠٠٠) جوار ملیون وسەد حەفتی وپینج هزار دیناری عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت .
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***

وەزارەتی پێشمەرگە
ئەمینداریەتی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان

ژمارە: ٣
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨

بانگەوازی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠
بابەت/ کەمگەری نهێنی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠

وەزارەتی پێشمەرگە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان ئاگاداری گشت کۆمپانیاکان دەکاتەوە بۆ بەشداریکردن لە کەمگەری کراوە بۆ دابین کردنی (گونیەی خۆل و خێمە)

مەرجەکان:-

١- کۆمپانیای بەشداربوو دەبێت بەڵێننامەی دەستنوسی گرێنتی تەندەر پێشکەش بکات (التعهد الخطی الضامن اللعطاء) کە پەسندکراو بێت لە دادنووسی وەزارەتی پێشمەرگە.
٢- نرخی فرۆشتن تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقیە، کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.
٣- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای براوە.
٤- هێنانی بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا و هێنانی ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت.
٥- گەڕاندنەوەی تەندەر دەبێت لە ناو زەرفێکی داخراو بێت و مۆرکراو بێت.
٥- فرۆشتنی تەندەر دەست پێ دەکات لە ڕۆژی (٢٠٢٠/١٠/١) تاکو (٢٠٢٠/١٠/١٨) لە بارەگای بەڕێوەبەرایتی گشتی گرێبەستەکان لە (هەولێر – هەولێری نوێ) لە کاتژمێر (٨:٠٠) بەیانی تاکو (٢:٠٠) پاش نیوەڕۆ.
٧- ڕۆژی کردنەوەی تەندەر لە بەرواری (٢٠٢٠/١٠/٢٥) دەبێت لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان.
٨- دەستەڵاتی گرێبەست پابەند نییە بە کەمترین نرخ لەبەرامبەر کوالیتی و ماوەی جێبەجێکردن.
٩- بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارەی تەلەفۆنی (٠٧٥١١٨٧٦٠٠٩)

لیوا روکن
رزگار جبار محمد
بەڕێوەبەری گشتی گرێبەستەکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ١٠٣٩٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (متعة السفر) بۆ (بازرگانی گشتی و فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (متعة السفر) بۆ (بازرگانی گشتی و فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سیروان جلال محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠٢٠/٩/٢٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (متعة السفر) بۆ (بازرگانی گشتی و فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر - ئاری)
پاکتاوکار/ سیروان جلال محمود
ناونیشان/ هەولێر/ ئاری
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٠٢٥٢٦٦



تیشکێک بۆ سەر میژووی تاق گرا

کەمال نوری مەعروف
لەفارسییەوە گۆڕیوێتی و لەسەری نووسیوە
بەشی دووەم و کۆتایی

تایبەتمەندییەکانی بیناکە:

بەرزی سەکۆی چوونە ژوورەوەی ناو بیناکە لە تەختی زەوییەکەیەوە (١,٢٠) مەترەو بەرزیەکەشی لە ناوەوە تاوەکو ژێر کەوانەکەی (٥,٩٢) مەترەو لە ژێر کەوانەکەشەوە تا ژێر جوانکاری یەکەم بە گەچ (١,٢٠) مەترە، بەرزی جوانکاری یەکەمیش بە گەش (٦٠) سانتیمەترە، دوای ئەوە بەردە داناوەکانی جوانکاری دووەم دێت کە بەرزییەکەی (٨٠) سانتیمەترەو کۆتایی دێت بە بەرزترین بەشی بەردکاری کە جوانکاری تاجەکەیەتی لەسەرەوە کە لەشێوەی دەداندایە و بەرزییەکەی (٩٢) سانتیمەترە، بەوەش بەرزی تاقگرا هەمووی دەگاتە (١,٦٤) مەتر. پانی تاقەکەش لە بەشی خوارەوەیدا (٧,٩٠) مەترەو دەمی تاقەکەش پانییەکەی ٤,٣٠، مەترەو تاقەکەش دوو تەنیشتی هەیە پانی هەر یەکیان (١,٨٠) مەترەو قوڵی تاقەکەش (٣,١٠) مەترە.

سەیرکردنێکی نەخشەکەی (فلاندن کست) کە لەساڵی ١٨٤٠ هاتووەو دییەنی کردووە، بۆی داناوە بەشی سەرەوەی تاقەکە واتە تاجەکەی دەرنەکەوتووەو نەخشەکەش بەشێوەیەکی سانا دروست کراوەو سەربانەکەشی لەدوو لاوە دیارەو بەلێژی ماوەتەوە. سەرئەنجام شوێنەوارناسانی چاخی بیستەم لە بنەماوە گومان لە ناتەواوی نەخشەکە دەکەن کە بۆ کاری چاککردنەوەی شوێنەوارەکە بەکاری بهێنن نەوەکا لەبەر کۆنی دووچاری هەڵە ببن لە دروستکردنەوەکەی. بەڵام بەسەیرکردنی خەیاڵاوی لەوەوبەری تاقەکە لەڕووی کەوانەو شێوەی هیلالییەکەی وادەرنەکەوێت لە شێوەی بینای سەردەمی ئەشکانی بچێت بە بەراوردی بە پاشماوەکانی حەزرو ئور وادیارە بیناسازییەکەی شێوەی تایبەتی خۆی هەیە کە سەرچاوەیە بۆ دەربرین و بڕیاردانی دروست. یان کەوانە و شێوەی هیلالییەکەی لە (پارپیون)ی قەڵای زوحاك دەچێت لە شاخەکانی نێوان کە دەتوانین بەراوردی بکەین.

جارێکی دیکە بەراوردکردنی سەر دەروازەی ئاشوورو سەر دەروازەی (حەزر) و سەر دەروازەی پەرستگای (گارئۆس) کە لەلای پەرستگای خۆرە لە (حەزر) کەوانەکانیان دەشێت پێوانە بکرێن لەگەڵ کەوانەی سەرپایەکانی (تاقگرا)، ئەوەش نیشانیدەدات (حەزر) لە قۆناغی هێلینستیدا وەکو سەرەتا هەندێك لە کۆڵەکەی پەرستگاکەی بەدوو ریزەو دیواری هەیوانەکەشی لەخشت بۆ دروستکراوە وا دیارە ئەوانەی (تاقگرا)ش نزیك لەشێوەی ئەوانی وەرگرتووە.

لەسەرەتای چاخی یەکەمی زایینیدا پارتەکان کەلتوری هێلینستییان بەکارهێناوە لەدروستکردنی بیناکانیاندا بەهۆی ئەوەی لە بەرژەوەندییانا بووە بەرد لە شوێنی خشت بەکاربهێنن. لە هەیوانەکانیشیاندا تاقی شێوە هیلالییان بەکارهێناوە کە بەدوو کۆمەڵی یەکسان بەرامبەر بە یەکتری وەستاونەتەوە. لەهەر کۆمەڵێکیاندا هەیوانێکی بچکۆلەو باڵەخانەیەك و پەرستگایەك دروست کراون کە لەسەربانەکانیان تەخت بووەو پەرستگاکانیش بەبەرد دروستکراون. کەوانەی تالارو ئارامگاکانی پەرستگای خۆریش لە (حەزر) کە لەبەرد دروستکراون هاوشێوەی کەوانە بەردینەکانی (تاقگرا)ن، یان بەپێچەوانەوە، بەردە تاشراوەکانیش بەسەر دوو شێوە دانراون واتە دیواری دەرەوە ناوەوەی بەستووەتەوە ئەوەش بەهۆی دۆخاوی گەچەوە بووە کە بەهەمان شێوە لە (تاقگرا) و پەرستگای (ئاناهیتا)ی (کەنگاوەر)یش دووبارە بوونەتەوەو هاوشێوەن، وا دیارە بیری دروست کردنیان بۆ نووسینگەیەکی بیناسازی بگەڕێتەوە یان هاوشێوێن بووبن.

بەوپێیە میژووی دەرکەوتنی (تاقگرا) لەگەڵ کەوانەو شێوەی هیلالییان بە بەراوردیان بەتاق و کەوانەو شێوەی هیلالی بیناکانی پارتی لە حەزر دەردەکەوێت کە هەموویان لە چاخی یەکەمی زایینیدا بەئەنجامێك دەگەنەوە.

پێوانەکردن لەنێوان توخمەکان و بەشەکانی بیناسازی تاقگرا تاقی هاوشێوەی وێرانەی کەنگاوەر:

لەکۆتایی وەرزی کنەو پشکنینی ساڵی ١٣٥٤ لەکاتی نووسینەوەی ئەم چەند دێڕەدا بەردێکی دەرکەوتووی ژێر خاکی کەوانەیی دۆزرایەوە کە هاوشێوەی بەردێکیتری کەوانەیی (تاقگرا) بوو کە لەکۆتایی گۆشەی باشووری خۆرئاوای دیواری کۆڵەکەداری کەنگاوەر لە شوێن هەڵکەندنەکەدا دەرکەوت، بەڵام لەو کاتەدا حەمامێك کە بینایەکی نوێ بوو کڕدرا بوو هەڵکەندنەکەش دەیگرتەوە، بەڵام چۆڵ نەکرا بوو تاوەکو بەشی خۆرئاوای بکەنەوە ئەوەش بەسوورپانەوەی ٩٠ نمرە بوو بۆ دروستکردنی گۆشەیەکی وەستاو بەئامانجی دۆزینەوەی بەردیتری تاکی ژێر خاك تا تێکنەچن، گەرماوەکەش کاری تەواو نەبوو بۆئەوەی هەڵکەندنەکە بەردەوامی هەبێت بۆ پەیداکردنی توخمەکانیتری بەردی بەستنەوە بۆیە کارەوە راگیرا.

ساڵی ١٣٥٧ کەسێکی نەخشەسازو کەسێکی تەعمیرکەرەوە جێگاکەیان گرتەوەو کاریان گرتنە دەست بۆئەوەی بەردەوامی بەکارەکە بدەن، بەردەکانی پشتی کەوانەو بەردیتری «جوانکاری و پایەی کۆڵەکەکان و کۆڵەکەو تاجەکانیان» لەگەڵ دوو ڕووی گۆشە، یان گۆشەی باشووری خۆرئاوای دیواری کۆڵەکەدار بوونە سەرچاوە بۆ بڕیاردان بۆ دانانی نەخشەی خەیاڵی بۆ کەرتی باشووری ئەوەش بەهۆی دواترە کۆڵەکە بۆ چەپ و دواترە کۆڵەکەش بۆ ڕاست کە لەبریارا هەبوون و بەڕێز دابنرێن، لەسەر هەر کۆڵەکەیەکیش دا بەردێکی کەوانەیی هەبوو کە هاوشێوەی بەردی دەرکەوتووی نادیار بوو، بۆیە دەتوانین بڵێین لەلای چەپەوە دوانزە بەردی بازنەیی و لەلای ڕاستیشەوە دوانزەیتر بەهەمان شێوە نەخشەکەیان داپۆشی بوو. بەو جۆرە دیواری خۆرهەڵاتی ٢٤ کۆڵەکەی لەخۆگرت بوو کە لەوانەیە ٢٤ بەردی بازنەییش هەبووبێت هەروەها دیواری خۆرئاواشی بەهەمان شێوە بووە.

وا دیارە بە پلیکانەی دوو لایەنە بۆی سەرکەوتوون کە زانیاریمان لەسەریان لەبارەی کۆڵەکەو سەری کۆڵەکەکانەوە نییە کە هەیان بووبێت، بەهۆی ئەوەی زانیاری تەواومان لەبارەی کنە کردنەکەوە بەدەست نەگەیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا نەخشەی ناوبراو لەنامەی ژمارە (٣٥) ساڵی ١٣٥٧ بڵاوکراوەتەوە کە بەو شێوەیە ڕێکخراوەکە پێدەچێت وا بووبێت! جارێکی دیکە تیۆرێکی خەیاڵیتری نوێ دەرکەوتەوە وەکو ئەوەی مێژوونووسی یۆنانی (ئیزیدور خاراکسی) بەشێوەی نیگار لەپەرتووکەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە لەژێر ناونیشانی، وێستگەکانی پارت، (پەرستگای ئارقیس ئاتائی تیسرا) لەچاخی یەکەمی زایینی لە (کنکوبار) دەرکەوت کە (کەنگاوەر)ە، دووەم موعجیزە دیمەنەکەیەتی لەگەڵ ٢٤ بەردی بازنەیی کە لە کەرتی باشووری بەشی هێنا، کە لە ١٥ تا ١٧ ی ٦ی ٧٧ بەردەوامی هەبووەو تیایدا نەخشەسازی بۆ تاقێکی پاشکۆ لەگەڵ کەوانەیەك دروستکراو لەژێرایاندا شەرحیاندا و نیشانیانداند.

١-لەگۆشەی دەرەوەو خۆرئاوای دیواری کۆڵەکەدار، لەباشووترین خاڵی تاقی هاوشێوەی تاقگرا بە بەڵگەی بیناسازی دەرئەکەوێت لەو جۆرە لەسەرەتای چاخی یەکەمی بەر لە زایین پەیوەست کراوە، واتە هاتۆتە پاڵ کەرتی بەردەکانی هاوشێوەی تاقگرا کە بەڵگەن بۆ دیمەنەکە.

٢-دەمی کەوانەی تاقەکە کە ڕووی لای خۆرئاوایەو تاقی کۆڵەکەداری خۆرئاواش پشتی پێوەداوە هەڵبەتە ئەو جیاوازییەی بەشی سەرەوەی و ددانەکانی تاق گرا نەبووە.

٣-ڕێزێك بەرد کە پەیوەستن بەسەڕۆکی تاقی ناوبراو بەدرێژی ٣ تا ٤ مەتر بۆ جوانکاری بەردی پایەی خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا دێژبۆتەوە کە وێنەکەی وەرگیراوەو دیارە.

٤-جگە لە دەرکەوتنی بەردی کەوانەیی هاوشێوە چەندین کەرتیتر کە پەیوەستن بەتاقی هاوشێوە لەژێر خاك دەرکەوتن.

٥-هەڵکەندن لەبەشی خۆرئاوای، بەتایبەتی لەچوار دەوری حەوش و باشووری تەواو نەبووەو بەردەوامی دەوێ ئەوەش بەقوواڵی بیرێك چونکە گومان لەبەردی پایەکانی دەکرێ کە لەقوواڵی ٣ تا ٤ مەتر کۆتاییان هاتبێت بۆئەوەی زیاتر تیشك بخرێتە سەر بابەتەکە.

٦-تاقێکی پەیوەست لەباشووری، دژێترین بەشی خۆرئاوای پێکهێناوە کە شێوەیەکی بازنەیی هەیەو لەویتر باڵاترەو نێوانیان ٥٠ مەترە لەسەر سەکۆیەك دروست کراوە بەشێوە لاشەیەکی نیوە بازنەیی کە پێویستە بیری لێبکرێتەوە.

ڕێکخستنی کاری بیناساسازی تاقگرا:

لەلاپەڕەکانی پێشوودا شوێنی ڕێگاکانی ڕۆیشتنی سوپا لەکۆنداو بازرگانی ئاوریشم لەزوودا لەناوچەی خۆرئاوای ئێران لە، ڕەی، هەمەدان، کرماشان، پاتاق، نێوان دوو ڕووبار، سوریاو ئاسیای بچکۆلەو ڕۆخەکانی دەریای سپی باسکرد کە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەو بریار لەسەر وەرگرتنی بوون. کنەو پشکنینی شوێنەواری لەساڵەکانی (٥٢) و (٥٣) لەلاشەی بەردە کەوتووەکانی سەرەوەی تاقگرا لەجادەو دەربەندی پاتاق گەیشتن بەتەواو بوون و کۆتایی، ئەوەی لە دەستیشا بوو (١٠٠) بەرد بوو لە قەوارەی جیاجیادا کە گەیشت بوونە ڕۆخی تاقەکەو کۆبوونەوەو تا ساڵی ١٣٥٤ مانەوە کە چاکسازی بیناسازی لەشوێنە ڕەسەنەکەی خۆی بۆ کراو تیایدا جێگیر بوو.

لەکاری کنەو پشکنین لەدەوروبەری تاقەکەو هەروەها جادەی بەرد ڕێژەکە بەجادەی پاشا ناسرا بوو، پەردەیان لەسەر خاکەکەی لادا کە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەو بریاردان بوو. جادەی ناوبراویشی بەپێی ڕۆژگار لەچاخی مادو هەخامەنشیدا بەبوونی ئاسەوارێکی زۆری ئەو دوو سەردەمە لە ناوچەی خۆرئاوای ئێران بەزۆری شوێنی ڕەزامەندی بووەو لای لەشکرکێشییەکانیش سەرچاوەی سوودوەرگرتن و بڕیاردان بوون.

پاشاکانی ئەشکانی لە کۆتایی چاخی دووەمی پ.ز (١٢١ پ.ز) بەناردنی ئاوریشمی چینی کە سەرەتاکەی لەشاری (سیان) دەستی پێکردو دەکەوێتە ڕۆخی ڕووباری (زەرد) و ڕۆیشتنی کاروانەکانی کاڵاش لەشارەکانی دەوروبەری دورگەی (تایم) وەکو، (ختن)، (تۆرفان)، (کاشغەر)، (سەغد)، (بەڵخ)، مەڕۆ، (دامغان)، (قومس)، (ڕەی) و لەنێوان دوو ڕووبارو سووریاو وڵاتانی یۆنانی و ڕۆمی، ڕووی ڕەزامەندییان نیشاندا بەڕۆیشتنی ئەو کاڵایانە بۆ ڕێگاکەش ترانزێتی ئەو کاڵایانەی لەسەر خاکی خۆرئاوایان کۆنترۆڵ کرد واتە خستییانە ژێر دەستییانەوە کو سوودی پێدەگەیاندن. بۆیە هەردەم تێکۆشان کاری بازرگانییەکە چاك بکەن ئەوەش بە چاك کردنی ڕێگاوبانە کۆنەکان و کردنەوەی ڕێگای نوێ بوو. جگە لەوەش ئاوی کانیاوەکان و ئەو شوێنانەیتر کە نزیك بوون لە ئاوەوە هەوڵیان داوە بە کۆکردنەوەیان بۆ خزمەتی مەرامەکەیان، دروستکردنی قولەو تاق و ڕووناککردنەوەیان بەشا پلێتەو ئاگری پیرۆز لەبەرزیدا ئەوانە بەهۆی ئەوەی هاوتای شوێنی مەزهەبی بوون و بیناکانیش پیرۆزییان بەخشیوە. کردنەوەی مەخفەرو دانانی پاسەوانی ڕێگای سنووریش بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێگاو کاری بازرگانی بەجێگەیەنراون، ئەوەش بە ئامانجی ئاسانکاری و لابردنی کەموکوڕییەکان و کێشەکان بووە لەڕووی پەیوەندیی بازرگانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا. لەڕاستیدا ئەوە گەورەترین پەیوەندییەکانی بازرگانی لەنێوان گەلانیدا دروست کرد لەسەردەمی پارتەکاندا. ئەوانەش بەو جۆرەن کە (ئیزیدور خاراکسی) جوگرافی نووسی یۆنانی ڕێگاو بیناکان و پەرستگاکان و کۆشکەکان و هەموو بیناکانیتری لەکتێبی خۆیدا باس کردووە.

بینای تاقگڕاش بۆ هەمان ئامانج بەپێی بەڵگەکان کە یادگارییەن، دروستکردنی لەسەرەتای چاخی یەکەمی زایینی لەڕۆخی جادەی ئاوریشم، لەبەرزاییەکانی گەردنەی (پاتاق) و بەمەشخەڵی ئاگریش ڕووناك کراوەتەوەو ئاگری پیرۆزیش لەسەربانەکەی هەر بەو جۆرە ڕووناکی کردۆتەوەو تا ڕێگای کاروانچییەکان دیار بێت، لە ڕۆخی تاقەکەشدا شوێنی پێی کانییەکەیان گرتووەو لەوێ ئاڵفیان بەئاژەڵەکانیان داوەو سەرقافڵەچیش بەسەریانی کردۆتەوەو کاری مەزهە بیشیان لەبەرامبەر مەشخەڵی ڕووناك بە دۆعاو نزا عیبادەتی خۆیان کردووە.

پەرستگای (ئارتمیس) یا وەکو ئاناهیتای کەنگاوەر جارێکی دیکە بەپێی نووسینەکەی (ئیزیدور خاراکس) لە چاخی یەکەمی زایینی لە فەرمانڕەوایەتی پارتەکاندا لەو بازنە هاوشێوەیەدا بووەن بەڵام پەرستگای ناوبراو کە لە شاری گەورەی (کنکویار) دروست کراوە خاوەنی کۆمەڵێك مەرکەزی بەهای حکوومەتیش بووە وەکو: ئیداری، ڕامیاری، دامەزراوەی بازرگانی و لێدانی دراو جگە لە مانەش کاروانەکانی بازرگانی ئاوریشم لەم شارەدا خاوەنی نوێنەری تایبەتی خۆیان بوون، بەوپێیە ڕێگاو تایبەتمەندییەکەی ئەم بینایەش بەپێویستییەکەی ناسراوە.

خستنە پاڵ تاقی هاوشێوەی گرا لە (کەنگاوەر):

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەست دان لەبارەی بەڵگەکانی بیناسازی وەکو ئەوانەی دۆزرانەوە لەبەردی کەوانەیی لە گۆشەی باشووری خۆرئاوای دیواری کۆڵەکەداری (کەنگاوەر) و هاوشێوەکەی، دەشێت ئەوانە پێوانە بکرێن بەوانەی کە لە (تاقگرا) هەن، دەرخستنی ئەو توخانەش لە گۆشەی خۆرئاوا و لەباشووترین خاڵی نەخشەکانی بەپێی هەر شێوە هاوشێوەی (گرا)یەو لەچاخی یەکەمی زایینی دروست کراوە، ئەم ساخکردنەوەیەش بەبێ ڕارایی لەهەردوو شوێنەکەدا ئەنجامێك وەردەگرن.

تاقەکانی هاوشێوە، واتە ناوبراوان هەردووکیان بۆ ئامانجێك دروست کراون، یان هاتوونەتەڕوو بەوپێیە دەتوانین وایدابنێین کە تاقی کەنگاوەر خراوەتە پاڵ گۆشەی پەرستگاکەو ڕۆخی جادەکەو لەسەربانەکەشیدا مەشخەڵی داگیرساو هەبووە کە نیشانە بووە بۆ تاق و جادەکە و شوێنێك بۆ نوێژکردن و دۆعای کاروانچییەکان ونزاش بۆ ئاگر لەم شوێنەدا دەرکەوتووە، لەنەخشەی دروستکراوی قولەی (نور ئاباد)یشدا مەشخەڵێك داگیرساوە، بڕیاردانیش لەسەر مەشخەڵ و ئاگر لەباڵای تاقەکە یان قولەکەدا لەدوو ڕواڵەتەوە ئاپینی و نیشانەی جادەکە بۆ لێکۆڵینەوە دەشێت مەشخەڵی داگیرساو بۆ کاروانچی زەردەشتیش ئەنجامەکەی بۆتراو نوێژکردنی مەزهەبی و ئاپینی بووەو کاری خۆی کردووە، لە تێڕوانینێکیتریشەوە بۆ کاروان و کاروانچییەکان کە لەدوورەوە هاتوون بەئومێدی ئەوەی بگەنە ئەو جێگایە و نزیك ببنەوەو نەخشەکەش ڕێ نیشاندەریان بێت.

سەرچاوە: سیف الله کامبخش فرد/ اپار تاریخی ایران، چاپ: اول، لا ٢٢٧- ٢٣٥.





30 ساڵ یەکگرتنەوە و چەند وانەیەک



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

دوای جەنگی دووەمی جیهان کە بە شکستی ئەڵمانیا بەکۆتا هات و تیایدا هێزەکانی هاوپەیمانان توانیان هێز و لایەنەکانی (نێکس) تێکبشکێنن کە ئەڵمانیای هیتلەری سەرکردایەتی دەکرد ، دوای ئەمە بۆ ئەوەی ئەڵمانیا لەسەر پێی خۆی نەتوانێت ڕابووەستێت ،هاوپەیمانان ئەو وڵاتە بەهێزەیان کردە دوو بەش ، بەشی ڕۆژهەڵات کە بەرلین پایتەختەکەی بوو یەکێتی سۆڤیەتی جاران زیاتر سیاسەتەکەی دەجوولاند و ناوی لێنرا ئەڵمانیای دیموکراتی میللی یان بەسەر زارەکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ، سەبارەت بە بەشەکەی دیکەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کە بە شێوازە فەرمییەکەی ئەڵمانیای فیدراڵ پێناسە دەکرا و پایتەختە سیاسیەکەی شاری بۆن بوو لە سیاسەتدا تا ڕادەیەکی زۆر نزیکایەتی خۆی لە ڕۆژئاواییەکان نیشان دەدا وێڕای ئەمەش ئەندامێکی هەمیشە چالاکی هێزی سەربازی ناتۆ بوو کە ئەمەریکا و ڕۆژئاواییەکان سەرپەرشتیان دەکرد کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە.. لە گەرمەی جەنگی ساردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ئەڵمانیا زیاتر ڕووەو سەرمایەداری هەنگاوی نا ئەویش بەهۆی دەوڵەمەندی بەشە ڕۆژئاواییەکەی هەر بۆیە ئەو بەشە ببووە خەون بۆ ڕۆژهەڵاتیەکانی وڵاتی



ڕایخ . لە 13ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1990 دوای شکست وپەپڕەوکردنی سیاسەت یان فەلسەفەی(پرویستریکا) واتا شەفافیەت و بنیاتنانەوە لەلایەن میخائیل گۆرباتچۆڤی دواهەمین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە ساڵی 1897-1985 ، کە ئەم پرسەی بۆ ئەنجومەنی سیاسی وڵاتەکەی خستە ڕوو ، ئەوەبوو سۆڤیەت بەرەو لاوازی چوو ،تا ئەو کاتانەی هێزی بەسەر وڵاتانی ژێر کاریگەری خۆی نەما ئەڵمانیا تا ڕادەکی زۆر ئەمەی بە هەل زانی دوای 45 دووبارە گەڕانەوە باوەشی یەکتر دوای ئەمە ڕێگا خۆشکەر وەك خۆیان ئاماژەیان پێکرد بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا لە شوعییەت و یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات ڕزگاریان بێت .. ڕووخاندنی دیواری بەرلین لە 9 ی نۆڤەمبەری 1989 تەوقێکی ترسناك و تۆقێنەری شکاند، چونکە ئەم ڕووخانە بووە هۆی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵات کە خەونی هەموو ئەڵمانییەك بوو، لێرەدا دووبارە هێز و توانای دایەوە ئەڵمانیەکان تا گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانی جیهان . ئەو وانە گرینگەی کە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا دای بە جیهانی هاوچەرخ ئەوەیە کە بە هیچ جۆر و شێوەیەك نە دابەشکردن یان یەکگرتنێکی زۆرەملی و دەستکرد تا سەر نابێت، باشترین ئەو بەلگەش لە سێی ئۆکتۆبەری 1990 جیهان چووە ژێرباری یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا کە ئەمساڵ یادی 30 ساڵەی دەکرێتەوە .. گەشەی ئەڵمانیا لە هەردوو سەردەمی چ دێرین یان هاوچەرخدا بەردەوامی هەبووە ، لە ڕووی سیاسیەوە ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بەهۆی جەنگ و داگیرکارییەوە گۆشەگیر کرابوو ، بەڵام هەر زوو بەخۆ هاتەوە وخۆی گرتەوە ، لە ئاستی ئابووریدا بەر لە یەکگرتنەوەشدا هەمیشە لایەنە ڕۆژئاواییەکەی وڵاتێکی گرینگ و بەرهەمهێنەری جیهان بووە ، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بەردەوام لە پڵێنی یەکەمی کۆمپانیا و کارگە بەرهەمهێنەرەکانی جیهاندا خۆی دۆزیوەتەوە ، بە هەمان شێوەش لە ڕووی کشتوکاڵییەوە لایەنێکی پڕ بەپیتی بەرهەمە کشتوکاڵ و ئاژەڵییە تا ئێستاش . ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ئەڵمانیا لە دونیای هاوچەرخدا زۆر وانە دەداتە جیهان ئەگەر مرۆڤ توانای هەبوو ئەوە هیچ شتێك مەحاڵ نیە، ئەگەر ڕووحیەت و ئیرادە سەلێندرا ئەوە هەموو لایەن و بوارەکانی ژیان فەراهەم دەکرێن بۆ بەرەودان بە ڕێڕەوی ژیانێکی هاوچەرخ و مۆدرێن. ئەڵمانیا کە بە مەزەندەی خۆیان سەرۆکایەتی ڕەگەزی ئاری دەکات لە دەوڵەتداریدا فەلسەفەیەکی تایبەتی بۆ ژیان هەیە ئەویش جدییەت و کارکردنی بەردەوام هەر ئەمەشە وای لەم وڵاتە گرینگە کردووە یەکێك بێت لە دەوڵەتە هەرە پڕ بایەخەکان لە سەرجەم بوارەکاندا ،دوای کۆتاییهاتنی هەردوو جەنگی جیهان ، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەیشتبووە ئەو دیفاکتۆیەی کە چیتر ئەڵمانیا ئەو توانایەی نیە هەستێتەوە سەر پێ ، سەرەتا بە بێ بایەخەوە لێیان دەڕوانی بە تایبەت ڕووسەکان ، چونکە خۆیان بە براوەی سەر ئەڵمانیا دەبینی هەر بۆیە سەرەتا زۆرهەوڵیان دا ئەڵمانیا بەو مەرجە یەك بگرێتەوە هەر هەموو وڵات وەك ڕۆژهەڵات لایەنگری خۆیان بێ ، بەڵام لێرەدا زاڵبوونی ئیرادەی گەل بەسەر هەموو ئاستەنگەکان ئەڵمانیای کردە خاوەن کەسایەتی تایبەت لە جیهاندا ، گەڕانەوە بۆ بابەتە هەرە گرینگ وپڕ وانەکە ئەوەیە مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە هیچ هێزیك ناتوانێت ئیرادەی گەل لەناو ببات یان هیچ یەکگرتنێك یا دابەشبوونێك بێ ویستی گەل مایەکەی پووچە و سەرناگریت .

مانشێت

دۆیچە ڤیلە:

ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کورۆنا لە سەرتاسەری جیهان ملیۆنێك کەس و ژمارەی تووشبوانیش 33 ملیۆن کەسی تێپەڕ کرد.



ئێندیپێندێنت:

لە ڕووداوێکی تەقەکردندا لە ویلایەتی ئۆریگۆنی ئەمەریکا چەند کەسێك کوژران ، بەرپرسی پۆلیس ڕایگەیاند کەسی گومانبار لەنێو کوژراوان دایە.



ئۆبزێرڤەر:

لە هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباخ شەڕ لە نێوان سوپای ئەرمینیا و ئازەربایجان بەردەوامە و تا ئێستا 32 چەکداری ئەرمینی کوژراون و ئازەربایجانیش ڕایگەیاند ئەرمینیا شارۆچکەیەکی سنووریی بۆردومان کردووە.




سکای نیوز:

لە وەڵامی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزدا ، دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند لە ساڵەکانی 2016 و 2017 دا پارەیەکی زۆرم وەك باج داوە.



ئەی ئێف پی:

سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا ڕایگەیاند ئەگەرچی هێشتا جیاوازی زۆر لە نێوان بۆچوونی یەکێتی ئەورووپا و بەریتانیا ماوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتن بە یەکدەنگییەك سەبارەت بە بڕیگزت مەحاڵ نیە.



کەنالی ئار تی:

پارتی ((بەدیل لەپێناوی ئەڵمانیا)) ی ڕاستڕەو یەکێك لە سەرکردەکانی لە ریزەکانی دوور خستەوە چونکە وتبووی دەکرێ پەنابەران لە ڕێگەی بەکارهێنانی گازەوە بکوژرێن.





یەکێک لە دامەزرێنەرانی یانەی خانزاد کۆچی دوایی کرد



بەرەبەیانی پێڕێ کاپتن عەلی حەمزە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی یانەی شەترەنجی خانزاد و ئەندامی فەخری ئەو یانەیە بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بەم بۆنەوە یانەی خانزاد پرسەنامەیەکی ئایاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و هەوادارانی شەترەنجی کوردستان کرد کە ئەمەش بەشێك لە پرسەکەیە:

بەناوی سەرۆك و ئەندامانی یانەی شەترەنجی خانزاد، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێ خۆش بێت مامۆستا و ناوبژیوانی نێودەوڵەتی عەلی حەمزەعەلی ئەندامی فخری و دەستەی دامەزرێنەری یانە ی خانزاد دەکەین بەبۆنەی کۆچی دوایی، کە ساڵانێك خزمەتی بە یاری شەترەنج لە کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر و یانەی خانزاد بەتایبەتی کردووە، هیواخوازین لە یەزدانی مەزن بەبەهەشتی شاد بکات

انالله وانا الیه راجعون

یانەی شەترەنجی خانزاد

لیڤەرپوول ئەرسنالّی داوکرد



لە هەفتەی سێیەمی پریمەرلیگ یانەی لیڤەرپوولی پاڵەوانی وەرزی رابردوو میواندداری ئەرسنالّی کرد و بە 3 گۆڵ بەرامبەر 1 گۆڵ یاریەکەی لێبردەوە.

لە یاریەکی بەهێزدا یاریگای ئانفیڵد یاری نێوان لیڤەرپوول و ئەرسنالّی لەخۆی گرت. هەردوو یانە خاوەن 6 خاڵ و لە گەڕی سێیەمدا بۆ بەدەستهێنانی 3 خاڵی یاریەکە دەستیان بەیاریکردن کرد. دوای چەندین هێرش بۆسەر گۆڵی یەکتر ئەرسنالّ لە خولەکی 25 ی یاریەکە لەرێگەی ئەلیکساندەر لاگازێت یەکەم گۆڵی یاریەکەی لەدژی لیڤەرپوول تۆمارکرد، خۆشییەکانی ئەرسنالّ زۆری نەخایاند لە خولەکی 28 سادیۆ مانی گۆڵی بەرامبەری بۆ ریدز تۆمارکردەوە و یاریەکەی هێنایەوە خاڵی سفر. لیڤەرپوول کۆنترۆڵی یاریەکەی کرد و لە خولەکی 34 ئاندرێ رۆبنسۆن گۆڵی پێشکەوتنی بۆ ریدز تۆمارکرد. گێمی یەکەمی یاریەکە بە پیشکەوتنی لیڤەرپوول کۆتایی هات.

لە گێمی دووەمی یاریەکە سەرەڕای باڵادەستی لیڤەرپوول یانەی ئەرسنالّ چەندین هێرشی مەترسیداری بۆسەر ریدز ئەنجامدا، بەڵام لە یەکسانکردنەوەی ئەنجامەکە سەرکەوتوو نەبوون. تا لە خولەکی 88 و پێش تەواوبوونی کاتی ئاسایی یاریەکە یاریزانی لاوی پرتوگالی دیێگۆ گۆتا گۆڵی سێیەمی لیڤەرپوولی تۆمارکرد و کۆتایی یاریەکەش بە ئەنجامی 3-1 لە بەرژەوەندی لیڤەرپوول کۆتایی هات.

بەم سەرکەوتنە لیڤەرپوول بە کۆکردنەوەی 9 خاڵ و بە سێ بردنەوەی لەسەریەك پێشەنگی پریمەرلیگی بۆخۆی قایمترکرد یانەی ئەرسنالّیش بە دوو بردنەوە و دۆڕانێك لە پلەی پێنجەمی خولەکە مایەوە.

کروووس تووشی پێکان بوو

تۆنی کروووس، ناوەڕاستکاری ئەڵمانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیا لە یاریی یانەکەی بەرامبەر ریال بێتیس تووشی پێکان بوو و رۆژی سێشەممە پێکانەکەی پشت راستکرایەوە.

ماڵپەری فەرمی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیا بڵاویکردووە، ناوەڕاستکاری ئەڵمانی یانەکەیان دوای ئەوەی لە یاریی یانەکەیان بەرامبەر ریال بێتیس نەیتوانی لە یاریی کردن بەردەوام بێت، دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی دەرکەوتووە لە ماسولکەکانی رانی چەپیدا تووشی پێکان بووە و ماوەیەك لە یاریگاکان دوور دەکەوێتەوە.

رادیۆی کادێنا کۆپی ئیسپانی وادەی دوور کەوتنەوەی کروووسی ئاشکرا کردووە و پێدەچێت ئەو یاریزانە 7 بۆ 10 رۆژ لە یاریگاکان دوور بکەوێتەوە و بەم شێوەیە بۆ یاریی کلاسیکۆ بەرامبەر بەرشلۆنە کە بریارە ٢٥ی مانگی داهاتوو بکرێت دەگەڕێتەوە.

رۆبن دیازی بەرگریکار پەیوەندی بە مان سیتی دەکات


رۆبن دیاز دەبێتە یاریزانی مانچێستەر سیتی و نیکۆلاس ئۆتامێندیش پەیوەندی بە بێنفیکا کرد.

بێنفیکا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند رۆبن دیازی بەرگریکاری یانەکەی بەرامبەر 68 ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزیەوە دەکات لەگەڵ نزیکەی چوار ملیۆن یۆرۆ وەکو پاداشتە داراییەکان.

لە بەرامبەردا نیکۆلاس ئۆتامێندی یاریزانی مان سیتی بەرامبەر 15 ملیۆن یۆرۆ دەبێتە یاریزانی یانەی بێنفیکای پورتوگالی.

ئامادە بەوەش کراوە لە نزیکترین کاتدا هەردوو یاریزان بە فەرمی واژۆ لەسەر گرێبەستەکانیان دەکەن.

رۆبن دیازی تەمەن 23 ساڵ، لە ئەکادیمیای یانەی بێنفیکا پێگەیشتووە و بەرگریکاری باڵی راستە، لەگەڵ ئەو یانەیە لە کۆی 137 یاری 12 گۆڵ و 6 ئاسیستی کردووە.





بۆچی خەڵاتی باشترین یاریزان نەدرایە ئەنسۆ فاتی؟

لە سەرەتای کاروانی لالیگادا ئەنسۆ فاتی لەیاریەکەیان بەرامبەر یانەی ڤیاریاڵ ئاستیکی باشی پێشکەش کرد کە بەهۆیەوە بەرشلۆنە 4-0 گۆڵ یاریەکەی بردەوە، بەڵام بۆچی خەڵاتی باشترین یاریزانی پێ نەدرا؟

فاتی دوو گۆڵی تۆمارکرد و پەنالتییەکیشی بۆ یانەکەی وەرگرت، بەگوێرەی میدیاکانی ئەو وڵاتە، فاتی ئەستێرەی یاریەکە بوو، بەڵام خەڵاتی باشترینی پێنەدراو خەڵاتەکە درا بە جۆردی ئەلبا، ئەویش لەبەر ئەوەی خەڵاتەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی خمورەوە بوو بۆیە بەو نەدرا چونکە هێشتا نەبۆتە 18 ساڵ.

جیی باسە ئەنسۆ فاتی لە 31ی تشرینی یەکەمی داهاتوو ئاهەنگی لەدایك بوونی دەگێڕێت و ئەوکات پێ دەنێتە 18 ساڵییەوە.

سەرەتایەکی شووم بۆ هیگواین لە خولی ئەمریکی



لەیەکەم یاریی لەگەڵ یانەکەی ئینتەر میامی، گۆنزالۆ هیگواینی ئەستێرەی ئەرژەنتینی کە لە یانەی پۆڤییەوە چووە خولی ئەمریکی، سەرەتایەکی شووم لەو خولە تۆمار دەکات.

هیگواین نەیتوانی یەکەم پەنالتی بۆ یانەکەی تۆمار بکات، لەکاتێکدا بە2-0 گۆڵ لە بەرامبەر یانیە فلادلفیا لە پاش بوو، دوای ئەوەی گۆلەکەشی چووانـد، بووە دەمەقاڵێ لەگەڵ ئەلبیتا و یاریزانانی دیکەی یانەکەی، کە ئەمەش بۆ ئەو سەرەتایەکی خراپە و ئەگەری زۆر هەیە کە ئەو ئەرژەنتینیە لەوێ سەرکەوتوو نەبی.

کومان بڕیارێک بەسەر یاریزانانی دەسەپێنێت



رۆناڵد کومان، ڕاهێنەری هۆڵەندی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا دوای بردنەوەی یانەکەی لە یەکەم یاریی وەرزی نوێی لالیگا، بڕیاریداوە ئەم هەفتەیە هیچ پشوویەك بە یاریزانەکانی نەدات.

ڕۆژنامەی وەرزشی ئاسی ئیسپانیا بڵاویکردووە دوای بردنەوەیان بەرامبەر ڤیاریال لە یەکەم یاریی وەرزی نوێی لالیگا، ڕاهێنەرە هۆڵەندیەکەی بلوگرانا یاریزانانی یانەکەی ئاگادار کردووەتەوە تەواوی ڕۆژەکانی ئەم هەفتەیە لە ڕاهێنان کردن بەردەوام دەبن و هیچ پشوویەك وەرناگرن، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ماوەیەکی کورتە دەستیان بە ڕاهێنانەکانیان کردووە.

یانە کەتەلۆنییەکە سبەی پێنج شەممە لە دووەم یاریی خۆی لە لالیگای ئیسپانیا، بریارە لە دەرەوەی یاریگای خۆی ڕووبەڕووی سێلتاڤیگۆ ببێتەوە.

بەهۆی ریاڵ توشی سزایەکی قورس دەبێت

بە هۆی ڕەخنەکانی لە بریارەکانی ناوبژیوانی یاریی یانەکەی بەرامبەر ریال مەدرید، سزایەکی قورس چاوەڕێی مانۆیل پێلێگرینی ڕاهێنەری یانەی ریال بێتیس دەکات.

ڕۆژنامەی وەرزشی مارکای ئیسپانیا بڵاویکردووە، دوای یاریی یەکەی ریال بێتیس و ریال مەدرید ڕاهێنەرەکەی یانە ئەندەلوسیەکە بە توانجەوە ڕەخنەی لە بریارەکانی ناوبژیوان و سیستەمی ڤار گرت، قسانەی پێلێگرینی، لە سکاڵایان تۆمار سڕ بکرێت.

سەرچاوەکە بڕیارەکە ، یانەی ریال بە 2 گۆڵ یاریە کە ئێمە زۆر و ناوبژیوان و بۆیە ئەنجوومەنی لالیگای ئیسپانیا بەرامبەر ئەو لیژنەی تەمبێکاری فیدراسیۆنی تۆپی پێ وڵاتەکەیان کردووە و چاوەڕێ دەکرێت ئەو ڕاهێنەرە 4 بۆ 14 یاریی

ئەوەشی بڵاوکردووە بەم زووانە لیژنەکە یەکلایی دەکاتەوە و بێجگە لە سزای سڕ پێشبینی دەکرێت بە پێ بژاردنیش سزا بدرێت.

بێتیس لەم هەفتەیە بەرامبەر ریال مەدرید بەرامبەر 3 گۆڵ یاریەکەیان دۆڕاند، دوای ڕاهێنەری بێتیس مانوێل پێلێگرینی گوتی: بۆ سەختە لە یەککاتدا ڕووبەڕووی ریال مەدرید ڤار ببینەوە.



ئاشلی بارتی پێشەنگی پۆلینی پیشەگەرانی ئافرەتانی قایم کردووە

ئاشلی پارتی خانمە تێنسزانی ئوسترالی پارێزگاری لە شوێنەکەی خۆی کردووە کە پێشەنگی ڕیزبەندی خانمە تێنسزانە پیشەگەرەکانی جیهانییە بە 8717 خاڵ و لەپێش سیمۆنا هالیپی خانمە تێنسزانی ڕۆمانی دێت کە بە 7255 خاڵ پلەی دووەمی گرتووە، لە پلەی سێیەمیش ناعۆمی ئۆساکای ژاپۆنی دێت بە 5780 خاڵ، بەگشتی هەر 10 یاریزانەکە پارێزگاری لە شوێنی خۆیان کردووە:

ئاشلی بارتی پلەی یەکەم
سیمۆنا هالیپ پلەی دووەم
ناعۆمی ئۆساکا پلەی سییەم
کارلینا بلیسکۆڤا پلەی چوارەم
ئیلینا سڤیتۆلینا پلەی پێنجەم
سۆفیا کینین پلەی شەشەم
بیانکا ئەندریسکۆ پلەی حەوتەم
کیکی پیرتینیز پلەی هەشتەم
سیرینا ولیامز پلەی نۆیەم
بلیندا بینکیچ پلەی دەیەم

بەدەنگی تۆتی لە بێهۆشی ڕزگاری بوو

هەوادارێکی فرانچێسکۆ تۆتی دوای 9 مانگ بێهۆشبوون بە پەیامێکی ئەم یاریزانەی پێشووی ئیتاڵیا ژیانی بۆ دەگەڕێتەوە.

ئیلینا ماتیلی کچە یاریزانی 19 ساڵانەی یانەی لازیۆ 9 مانگ لەمەوبەر بەهۆی ڕووداوێکەوە لە یەکێك لە یارییەکان کەوتە دۆخی بێهۆشی، بەڵام بە بیستنی پەیامێکی فرانچێسکۆ تۆتی هەڵدەستێتەوە.

ڕۆژنامەی لاگازێتا دێلۆ سپۆرتی ئیتاڵی ئاماژەی بەوە کردووە، فرانچێسکۆ تۆتی بە بیستنی هەڵسانەوەی ئیلینا ڕاستەوخۆ چووتە نەخۆشخانە و چاوی بەم خانمە یاریزانە کەوتووە کە یەکێکە لە هەواداڕەکانی .

لە کاتی بێهۆشیەکەی تۆتی پەیامێکی ڤیدیۆیی ئاراستەی ئیلینا کرد و پێی دەڵێت هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەدات و بجەنگێت بۆ ژیان، دەنگی ئەستێرەکەی پێشووی ڕۆما کاریگەری لەسەر ئەم خانمە دروست کردووە و وایکردووە لە جێگەکەیدا هەستێتەوە.





لیڤاندۆفسکی شەڕێک دەنێتەوە

ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی ڕوونی کردەوە کە لەدوا مەشق و ڕاهێنانەکانی یانەی بایرن میونشن، دەمەقاڵێ و شەڕە قسە لەنێوان لیڤاندۆفسکی پۆڵەندی و میکایل کویسانسی فەرەنسییەوە دروست بووە.

ڕۆژنامەکە زیاتر ڕوونی کردۆتەوە کە لیڤاندۆفسکی لەکاتی ڕاهێنانیدا بەر ئەو یاریزانە کەوتووە و ئازاری زۆری پێگەیشتووە، بۆیە کویسانسی ڕوو لە لیڤاندۆفسکی دەکات و قسەی نەشیاوی پی دەڵێت، بەڵام لیڤاندۆفسکی وەڵامی ناداتەوە و پشتی لێدەکات، ئەمە بەدڕێژایی ڕاهێنانەکانی ئەو ڕۆژە هەردوولا چاویان لەناو چاوی یەك ناوە و چەند جارێك ئەوەیان پێوەدیاربووە کە ڕقێکی زۆر لەنێوان دروست بووە، ئەمە بەبێ ئەوەی یانەکە هیچ ڕوونکردنەوەیەك بدات.

خەبات XEBAT

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

Wed. 30 Sep. 2020 No. :(6014)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر


بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616









هونەرمەندی شێوەکاری خالید ستار:

لە ئەوروپاو سوید بەشداری لە 80 پێشەنگای گشتی کردووە

ناشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا


هونەرمەندی شێوەکاری کورد خالید ستار لەساڵی ١٩٥٤ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە ، قوتابخانەی سەرەتایی هەر لە کەرکووک تەواو کردوە تا پۆلی سێیەمی ناوەندی ، لەبەر بارودۆخی کەرکووک و هەڵوێستەی کوردایەتی لە تەمەنی شانزە ساڵی یەوە پەیوەندی بە شۆرشی کوردستانەوە کردوە تاوەکو ساڵی ١٩٧١ .

لەساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ خێزانەکەیدا ڕوویان لە وڵاتی سوئید کردووە ، پاش گیرسانەوەی لە وولاتی سوئیدو تێکەڵی لەگەڵ زمان و کەلتوورو ژیان و ڕۆشنبیری دێژەی بە هونەری شێوەکاری داوە ، لەساڵی ١٩٨٧ تاوەکو ١٩٨٩ بۆ دوو ساڵ هونەری کاری سیرامیکی خوێندووە ، لەگەڵ ئەوەی بناغەکانی هونەری شێوەکاری ئەکادیمی خوێندووە چ لە هێڵکاری یەوە تا دەگاتە تاقی کردنەوەی ڕەنگەکان و شۆڕ بونەوە بەنێو تا یە تمەندێتی هونەری سیرامیکی کە بەشێکی گرنگە لە هونەری شێوەکاری ، بە تایەتی دەموو چاوەکان و لەش ولاری مرۆڤ و سروشت ، وە تاقی کردنەوەی دەکات ، ئەمانەو چەندین بیرۆکەی تری هونەری کە پۆشاکی کوردەواری بۆتە تایەتمەندێتی بۆ کەڤاڵی کوردی ئەمەش هزری هونەرمەند خالید ستارە لە وورد بونەوە لەنێوەڕوەکی کارە هونەریەکانیدا.

سەرەتایی گەیشتن بە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا لە وڵاتێکی پر لە کێشەو ململانی وە ئازار بەخش بۆ وڵاتێکی ساردو هێدی کەرەوە ، بە دوو سێ قۆناغ کارە هونەریەکان شی کردنەوەی بۆ دەکرێت ، قۆناغی کەرکووک و یادەوەرییەکان وە قۆناغی شەڕو ململانێ وە قۆناغی کۆچکردن بەرەو هەندەران ، دواتر نیشتە جێ بوون لە وڵاتی هێدی کەرەوەی هزری ماندووی هونەرمەندێک ، ئەمانە هەموو ئەزموون و دەست کەوتی بیرۆکەی ئەو هونەرمەندەن کە مرۆڤ کا تێک بەرانبەر بە تابلۆکانی دەوەستێت وە نیگا دەکات مێشک و هزر دەتباتەوە بۆ سەردەمی دروست بوونی ژیانداری لە بەسەرهات و کەلتووری ئەو جێگایەی کە تێیدا ژیاوە ، ئەمەش لە کارە هونەریەکانی و پێشانگا جیاجیاکاندا نمایش دەکات و هەریەک باسی بەسەرهات و کێشیەک دەکات بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

ئەگەر دیدەیەک لە چوار چیوەی کەڤاڵەکان بدەیت ئەوا ڕەنگەکان گەرمن وە لەدایک بووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەتایبەتی چیاکان ، کەلتووری چیاکان و ڕۆژهەڵاتی بەشێکی گرنگی کارە هونەریەکانن ، وەکو باسم کرد وڵاتی سوید و هێدی بوونەوە کار دەکاتە سەر بیرو هزرو ڕەنگەکانیش لەدوای مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بێگومان گۆڕانکاری دێت بەسەر هەموو ئەو کارە ئاوی یەکان و پاشان تێکەڵ بوون لەگەڵ کەرەستەی جۆراو جۆر وەکو ئەکریلیک وگواش و ڕۆنی ، بێگومان کاری هێڵکاری و پلان دانان سەرەتاو بناغەی ئەو هونەرەیە ، هەربۆیە بۆ هەرکارێک ئەو بناغەیە هێڵکاریی یەی دارشتوە وە لەسەر ئەو بناغەیە توانیوێتی ٧ پێشانگای تایبەتی بکاتەوە بە کۆمەڵێک لە ئەزموونی جیاجیا ، کە دەربڕین لە ئازارەکانی مرۆڤ و یادو بیرەوەری ڕابردوو و دەموو چاوەکانی نیشتیمان و ئازارو مەینتیەکان و کۆچ کردن و زیندانییەکانیان و تاراوگەو غوربەت ودووری وولات و کەلتووری کوردەواری و کارکردن بۆ ژیانە سەرەتاییەکان لە ئەندرۆید دادەبەزێت.

ئەمەش ئامانج لێی هاوکاریکردنی بەکارهێنەرانی وڵاتە هەژارنشینەکانە بۆ ئاگاداربون لەگۆرانکارییەکانی کەشوهەوا و ئەگەری لافاو و زریان و شەپۆلەکانی بەفربارین. ئەمەش ژیانی زۆر کەس دەپارێزێت لەهەر ئەگەرێکی نەخوازراو، کەرەنگە بەهۆی بێ ئاگایی لەکەشوهەوا ئەو کەسە توشی ببێت، لەئێستاشدا لەو ٤٢ وڵاتە بەردەستە و بەکارهێنەرانی سستمی ئەندرۆید دەتوانن لەگوگڵ پلەی دابەزێنن کەقەبارەی ٣.٢ میگابایتە و داتای کەشوهەوای بۆ ماوەی ٢٤ سەعات تێدا بەردەستە، ئەمەش بۆ ئەوانەش دەبێ کە تۆڕی 2G و 3G یشیان هەیە.







پرۆسانەدا کە هونەرمەند پێیدا تێ دەپەڕێت ، وەکو کاڵ بوونەوەی ڕەنگەکان وە کەم بوونەوەی فۆرمەکان و جیهانی میوزیکێکی هێدی کەرەوە دەبنە دیوارەکانی ئەو کارە هونەریانە ، بەڵام هەر لە کۆتادا ئێش و ئازارە بنچینەییەکان کارتێکراوی تایبەتی خۆی دەمێنێتەوە لە سەر ڕووبەری کەڤاڵەکان . ستایلی کاری هونەری گرنگی یەکی تایبەتی خۆی هەیە ، هەروەک دیارە لەکارەکاندا ڕیالیستی وە ئەکادیمی بناغەی ئەو کارە هونەریان ، لەزۆر فۆرمدا پەنا بۆ ڕیالیستی دەبڕین خوازی وە جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ڕیالیستی سروشتی کە وێنەو سیمای ئەو سروشتە دەبەخشێت کە مرۆڤ چۆن تێیدا دەژیت ، واتە دەووروبەر کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە بۆ گواستنەوەی لە دووربینی چاوی یەوە بۆ فۆرمەکان ، ئەوەی من بەدی دەکەم لەکارە هونەریەکاندا سوود وەرگرتن بووە لە کارو ئەزمونی هونەرمەندانی جیهانی وە مێژووی هونەر لە جیهاندا ، بەڵام گرنگی کارە هونەریەکانی هونەرمەند خالید ستار ئەو کەشە تایبەتی یەیە کە خۆی داهێنان و تازەگەری تێدا دروست کردوە و ، هەرجارەی بە شێوەو فۆرمێک . هونەرمەند خالید ستار لەگەڵ کاری سیرامیکی کە پسپۆڕی تێدا هەیە و تێکەڵی قوتابخانە هونەریەکانی ئەکادیمی بووە ، کاری هونەری کاریکاتیوری کردوە وە کۆمەڵێک بەرهەمی جوانی هەیە بەتایبەتی بەشداری کردوە لە یەکەمین دیداری نێودەوڵەتی کاریکاتێر وە بە کارێک بەشداری کردوە . بێجگە لەوەی لە ڕۆژنامە و بڵاو کراوەکاندا کاریکاتیورەکانی بڵاو کراوەتەوە. هونەرمەندی شێوەکاری کورد خالید ستار بەشداری کردوە لە نزیکەی ٨٠ پێشانگای گشتی لە وولاتی سویدو ئەوروپا .

ئەندامی هونەرمەندانی ڕۆژئاوای سویدە

ئەندامی سندیکای هونەرمەندانی کوردستانە

ئەپڵیکەیشنێک بۆ ئاگاداربوون لە کەشوهەوا بەبێ ئینتەرنێت



هەردەوان: کۆمپانیای IBM بەهاوکاری کۆمپانیای The weather تەکنیکێکی نوێی ئاشکراکرد بۆ ئاگاداربون لەباری کەشوهەوا لەڕێی The Weather Channel هوە بەبێ ئەوەی پێویست بەئینتەرنێت بێت. تەکنیکەکە بۆ ٤٢ وڵاتی جیهان بەردەستە و پشت بەپەیوەندیی (Peer-to-Peer) دەبەستێت و لەسەر سستمی

ئایفۆنی نوێ بارگاویکەرەوەی لەگەڵا نایێت

بەپێی چەند ڕاپۆرتێکی هەواڵی، کۆمپانیای ئەپڵ بەنیازە ئایفۆنی ٢٠٢٠ بەبێ بارگاویکەرەوە (شاحینە)و بیستۆک (ئێرپۆد) بفرۆشێت. وێبسایتی 9to5macی تایبەتمەند بە هەواڵی کۆمپانیای ئەپڵ، لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوەکردوە، کۆمپانیاکە بەنیازە لەگەڵ پاکەتی ئایفۆنە نوێیەکەی ئەمساڵیدا بارگاویکەرەوە و ئێرپۆد نەفرۆشێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی نرخەکەی هاوشێوەی Iphone11 بێت. شایەنی باسە، لە ماوەی ڕابردوودا پەرلەمانی ئەوروپا داوای لە کۆمپانیاکانی بواری تەکنەلۆجیا کرد پاشەڕۆ تەکنەلۆجیەکانیان کەم بکەنەوە و هەموویان هەمان جۆر بارگاویکەرەوە بەکاربهێنن، بەنەناردنی بارگاویکەرەوە لەگەڵ ئایفۆنەکاندا ئەپڵ بەکارهێنەرەکانی سەرپشک دەکات کە «USB Type C» بۆ مۆبایلەکانیان بکڕن، ئەگەر لە ماڵەوە نەیانبێت. جگە لەوەش، ئایفۆنەکە لە پاکەتێکی بچوکتردا هەڵدەگیرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی بارکردندا کەمترین جێگا بگرێت.



